گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130    P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/g1cm9e73

ڕێـكەوتـی وەرگـرتـن: 20/06/2025
ڕێكەوتی پەسەندكردن: 09/11/2025
ڕێـكەوتی بڵاوكردنەوە: 20/03/2026

# پێواژۆی پاراستنی منداڵ لە دامەزراوە چاكسازییەكاندا

توێژینەوەیەكی مەیدانییە لە هەرێمی كوردستاندا

فریدون عزیز علی[١]        پەروین أبوبكر محمد[٢]

parwin.muhammad@univsul.edu.iq - faraidunali81@gmail.com

[١+٢] بەشی كۆمەڵناسی ،كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەكان ،زانكۆی سلێمانی،سلێمانی،هەرێمی كوردستان،عێراق.

**پوختە:**

پاراستنی منداڵ یەكێكە لە بابەتە گرنگەكانی دنیای نوێ، پرسی منداڵ لەلایەن هەمو كۆمەڵگەیەكی زیندووەوە بایەخێكی زۆری پێدەدرێت، لە هەر سێكتەرەكانی (كۆمەڵایەتی، پەروەردە، تەندروستی، دەرونی، ڕاگەیاندن، یاسایی) بڕوانین، دەتوانرێت هەڵسەنگاندن بكرێت بۆ ئەوەی بزانرێت ڕەوشی پاراستنی منداڵان لە چ ئاستێكدایە. زانستی كۆمەڵناسی لە ڕێگەی كۆمەڵناسی منداڵ بایەخ بەو كێشە و گرفتانە دەدات كە دێنە ڕێی منداڵ، توێژینەوە لە بارەیانەوە دەكات لەم ڕووەوە خزمەتی بە دۆسیەیی منداڵ كردوە.

پاراستنی منداڵ پێواژویەكی هەنگا و بە هەنگاوە، وابەستەییەكی قوڵ و هەمەلایەنی هەیە بەسەرجەم دەزگاو دامەزراوەكانی كۆمەڵگەوە. ئەم پێواژوە هیچ لایەنێک بەتەنها ناتوانێت بیپارێزێت و بەدەستیبێنێت، بەڵكو دەبێت هەمو پێكەوە هەماهەنگ و هاوكاربێت بۆ بەدەست هێنانی، لە پێناو پێگەیشتنی تاكێكی تەندروست و سودمەند بە كۆمەڵگە.

ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەكی چەندیتیە، تیایدا ڕوپێوی گشتی بەكارهاتوە. كۆمەڵگەی توێژینەوەكەمان پێكدێت لە هەرسێ چاكسازی ژنان و منداڵان لە هەرێمی كوردستان(سلێمانی، هەولێر، دهۆك). نمونەی توێژینەوەكەمان سەرجەم منداڵانە كە لەلایەن دادگاكانەوە سپێردراون بە قوتابخانەكانی شیاندنەوە، ژمارەیان(٤٠ نەوجەوانە)، (٣٨) لەوانە لە ڕەگەزی نێرن و (٢) یان لە ڕەگەزی مێ یە. لەم توێژینەوەیەدا فۆڕمی ڕاپرسی بە شێوازی مقیاس(پێوانە)، بەكارهاتوە بۆ كۆكردنەوە زانیارییەكان.

ئامانج لەم توێژینەوەیە هەڵسەنگاندنی پێواژۆی پاراستنی منداڵە لەدامەزراوە چاكسازییەكانی هەرێمدا، لەگرنگترین ئەنجامی توێژینەوەكەش دەركەوتوە ئاستی پاراستنی منداڵان لە قوتابخانەكانی شیاندنەوە لە ئاستێكی بەرزدایە، و شێوازەكانی مامەڵەكردنی كارمەندان لەگەڵ ئەو منداڵانەی لە چاكسازییەكاندان لە ئاستێكی باشی مامەڵەكردندایە، هەروەها ئاستی ئەو پێداویستیانەی لەلایەن دامەزراوەكەوە دابینكراوە بۆ نەوجەوانان لە ئاستێكی باشدایە.

**-كلیلە وشەكان** پێواژۆی پاراستنی منداڵ، منداڵ، دامەزراوەی چاكسازی منداڵان

# Child Protection Mechanisms in Rehabilitation Institutions: It is a Field Study in the Kurdistan Region

**Faraidun Aziz Ali**[1] - **Parwin Abubakir Mohammad**[2]
[1+2]Department of Sociology, College of Human Sciences, University of Sulaymaniyah, Sulaymaniyah, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract**
Child protection is a progressive and systematic process. Among all local and public institutions and organizations, child protection has a profound and multidimensional interdependence. This process cannot be accomplished and protected by one entity; rather, it requires real and serious collaboration and contribution by all related sectors within society. As a result of this engagement and collaboration, the development of healthy and productive individuals who can contribute meaningfully to the community will occur.

This study is a multi-dimensional investigation into a general descriptive approach that has been used. The communities that mentioned in this research are composed of basic centers which are women's and children's reform centers in the Kurdistan Region located in (Sulaymaniyah, Erbil, and Duhok). The study sample constitutes of all children referred by the courts to rehabilitation schools whose data equals 40 juveniles (38 males and 2 females). A scale or measurement structure is designed in this study as the primary tool for data collection.

The purpose of this study is to evaluate the child protection process within the reform institutions of the Kurdistan Region. School's rehabilitation is one of the highest levels of child protection based on the findings of the research. Additionally, the study states that the approaches applied by the staff in dealing with the children in these institutions are commonly appropriate and positive. Furthermore, the research proves that the services and basic needs provided to the juveniles by the institutions are maintained at a satisfactory level.

**Keywords**: Proses Child Protection, Child , Children Reform Institute.

## چوارچێوەی گشتی

### ١-پێشەکی

بایەخدان بە منداڵ و پاراستنیان بە بنچینەی نەوەیەکی تەندروست دادەنرێت لەهەمو کۆمەڵگەیەکدا، لە ئێستادا چەندین هۆکاری جیاواز هەیە لە کۆمەڵگەکان کە مەترسیین بۆ سەر پاراستنی منداڵان بەهۆی ئەو پێشکەوتن و گۆڕانکارییە خێرایانەی لە دنیادا ڕودەدات. کۆمەڵگەی کوردی بێبەش نییە لەو گۆڕانکاریانە کە هەندێکجار هۆکارێکی خراپن لەم پرسەدا، دامەزراوەی خێزان ئەرکێکی گرنگ و قورسی لەسەر شانە لەبەرئەوەی تا ئێستا ڕۆڵی خێزان بەگەورەی ماوەتەوە لە کۆمەڵگەدا و دامەزراوەکانی تر لەم پرسەدا هەنگاوی بەرچاویان نەبڕیوە. بەڵام هەندێکجار خێزانەکان وەک پێویست نین و منداڵان بە هەر هۆکارێک بێت لەژینگەی خێزانی دوردەکەونەوە و ئەمەش وادەکان توشی گرفت و لادانی کۆمەڵایەتی و یاسایی بن، و بسپێردرێن بە قوتابخانەکانی شیاندنەوە.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات لە ڕەوشی پاراستنی منداڵ لە دامەزراوە چاکسازییەکان ئاگادارمان بکاتەوە. ئەم قوتابخانانە جێگەیەکی کاتین بۆ سپاردنی نەوجەوانان بۆ ماوەیەکی دیاری کراو بەپێی بڕیاری دادگا دەمێننەوە تا ماوەی سپاردنەکەیان تەواو دەبێت. پێویستە لەم ماوەیەدا لە ڕوی ڕەوشتی و پەروەردەییەوە ئاشنابکرین بە چەندین بابەتی پەروەردەی و ڕەوشتی، بۆ ئەوەی بتوانن لە داهاتودا بە شێوازێکی باش مامەڵە بکەن.

ناچـارکردنی نەخوێنـدەواران بـۆ خوێنـدن، و بەردەوامی دانی ئەو نەوجەوانـانەی کە لە قۆناغەکـانی خوێندنـدان، بایەخـدان بە مـافی تەندروسـتی، یاسـایی، سـەلامەتیی جەسـتەی و پەیوەنـدیکردن بە دنیـای دەرەوە، هەمـو ئەمـانە کۆمەڵێک ڕێنمای و ڕێوشوێنی یاسایی خۆی هەیە کە پێویستە پێوەی پابەندبن. بۆ ئەوەی ئەم دامەزراوەیە لەئاست ئامانجەکەیدابێت، و نەوجەوان لەم ڕێگەیەوە بگەڕێنەوە سەر ڕێرەوی ئاسایی خۆیان و کارامەییەکانی ژیانی فێربن.

پێویسـتە کارمەنـدانی ئەم قوتابخـانەیە بەردەوام بەشـێوەی جیـاواز ڕاهێنانیـان پێبکرێـت، چـونکە مـامەڵە لەگەڵ منداڵان دەکەن. فرەی کارمەندان و جیاوازی لە پسپۆڕییەکانیان وادەکات فرەی و هەمەچەشنی لە خزمەتگوزارییەکان بۆ نەوجەوانان هەبێت.

پاراستنی منداڵ لەم قوتابخانانەدا لە پێناو خزمەتکردنە بە منداڵ، خێزان و کۆمەڵگە. چونکە وادەکات منداڵەکە لە گرفـت و لادان دوربکەوێـتەوە، خێزانەکـان بە ئاسـودەی ژیـان بگـوزەرێنن و منـداڵ نەبێـتە گرفـت و هۆکارێـک بـۆ هەڵوەشـاندنەوەیان. بەپێچەوانەشـەوە گەورەتـرین کێشـەی بەردەم یاسا و چاککردنی ڕەفتاری منداڵ جێبەجێنەکردنی پرۆسەکەیە و شکستی کەسێتی منداڵە لە قۆناغەکانی دواتری تەمەنیدا، کە کاریگەری ڕاستەوخۆشی بۆ سەر خێزان و تەواوی کـۆمەڵگە دەبێـت. هەنـدێک جـار وادەکات زۆرێـک لە دامەزراوەکـانی کـۆمەڵگە بەخـۆیەوە سـەرقاڵ بکـات بەئامانجی بەرگرتن لێی یان زیان نەگەیاندن بە ئەندامانی تری کۆمەڵگە.

ئەم تـــوێژینەوەیە لە دو دەروازە پێکهـــاتوە، دەروازەی یەکەم لایەنی تیـــۆری تـــوێژینەوەکەیە و لەم دەروازەدا چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە خراوەتە ڕو، ناساندن بۆ چەمکەکانی توێژینەوە و توێژینەوەکانی پێشتر خراوەتەڕو. لە ڕوانگەی تیۆریەوە، تیۆری بونیادی وەزیفی خراوەتەڕو. لەکۆتایدا پاراستنی منداڵان لە قوتابخانەکانی شیاندنەوە و ئەو مافانەی کە پێویستە بۆیان دەستەبەر بکرێت ئاماژەی پێکراوە. دەروازەی دوەم لایەنی مەیدانی تـوێژینەوەکەیە، لەم دەروازەدا ڕێکارە مەیدانییەکان و دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە خراوەتەڕو.

## ٢-کێشەی توێژینەوەکە

منـداڵ سـەرمایەیەکی کـۆمەڵایەتییە، داهـاتوی هەمـو کـۆمەڵگەیەک بە منـداڵەکانیەوەیەتی. کاتێـک بـاس لە کۆمەڵگەیەکی پیر یان گەنج دەکرێت لە ڕێیی ڕێژەی منداڵەکانەوەیە ئەم ئاستەی بۆدیاری دەکرێت. بەتەنها ڕێژەی منداڵ بەس نیە لە کۆمەڵگەدا بەڵکو پاراستن و پەروەردەکردنی پێمان دەڵێت تاچەند ئەم منداڵە سودمەندە بۆ خێزان و کـۆمەڵگەکەی. پاراسـتنی منـداڵ لەهەر سـێکتەرێکدا جێبەجێبکرێـت وادەکات منـداڵەکە لە گرفـت و لادان پـارێزراو بێت، خێزانەکان بە ئاسـودەی ژیان بگوزەرێنن و کۆمەڵگە بە دوردەبێت لەهەمو ئەو گرفتانەی بە هـۆی منـداڵانەوە توشیان دەبێت.

کاتێک منداڵان دەسپێردرێن بە قوتابخانەکانی ڕاهێنان بەڕێژەیەکی زۆر دادەبڕێن لە کۆمەڵگەو خێزانەکانیان. منداڵانی ناو ئەم دامەزراوەیە پێشتر بەهۆی ئەوەی لە ژینگەیەکی نەگونجاوی کۆمەڵایەتی، دەرونی، پەروەردەییەوە توشی لادان هـاتبون، لەلایەن دادگاکانەوە سـپێردراون بەم دامەزراوەیە. ئەرکی دامەزراوە چاکسـازییەکان قـورس دەبێـت بـۆ ئەوەی بتـوانن جگە لە ئەرکە خێزانەکانن هەوڵبـدەن ڕەفتـاری منـداڵان بەجۆرێـک بگـۆڕن بتـوانن لەدوای گەڕانـدنەوەیان بـۆ کۆمەڵگە تـاکێکی سـودبەخش بـن. ئەم ئەرکەش بە دابینکردنی کۆمەڵێک پێداویسـتی و پرۆگرامی پەروەردەی و پیشـەیی جێبەجێ دەبێـت. لەم ڕوانـگەیەوە پرسـیاری ئەم تـوێژینەوەیەش بـریتییە لەگەڕان بەدوای پرسـیاری ئاسـتی پێـواژوی پاراستنی منداڵ لە قوتابخانەکانی شیاندنەوە لەهەرێمی کوردستان؟

## ٣- گرنگی توێژینەوەکە :گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە :

- ئەم توێژینەوەیە سودی دەبێت بۆهۆشیار بونەوەی کۆمەڵگە بەگشتی و منداڵانی ناو چاکسازییەکان بەتایبەتی، و ئاشنابونیان بە مافەکانیان. هەروەها دەروازەیەك دەبێت بۆئەوەی کەشێکی گونجاوتر بۆ چاکسازی منداڵان دروست بکرێت.

- ئاگـادارکردنەوەی هەمـولایەک لەوەی بەشـێک لە بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی چـاودێری و گەشـەپێدانی کـۆمەڵایەتی کاردەکات بۆ پاراستنی منداڵ.

- ئەم تـوێژینەوەیە سـودی دەبێـت بـۆ لایەنە پەیوەندیـدارەکان لە (وەزارەتی کـار و کاروبـاری کـۆمەڵایەتی- وەزارەتی ناوخۆ- وەزارەتی داد).

- ئەم توێژینەوەیە لە بواری کۆمەڵناسی منداڵدا وەک لقێکی کۆمەڵناسی گرنگی تایبەتی دەبێت.

**٤- ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە:**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە گەڕانە بەدوای دەرخستنی ئاستی پاراستنی منداڵ لە قوتابخانەکانی شیاندنەوە لە هەرێمی کوردستاندا لە هەرسێ پارێزگای (سلێمانی ، هەولێر، دهۆک).

## دەروازەی یەکەم: لایەنی تیۆری

### ١- ناساندنی چەمکەکان

**یەکەم: پێواژۆی پاراستنی منداڵ:**

چەمـکی (پێـواژو-Process-العملـیە) لەگەڵ چەنـدین چەمکیـتر بەکاردێـت، وەک پێشـگرێک بـۆ ئەو چەمـکەی بەدوایدادێت و دەبێتە هۆی بەخشینی مانایەکی تەواو. وە بەم جۆرە پێناسە کراوەبەوەی کە:

بـریتییە لە چەنـد هەنگـاوێکی بەیەکەوە گرێـدراو تـێکەڵاو هەماهەنـگ کە لە سیسـتمێکدا بەدوای یەکـدا دێـن بەمەبەستی بەدەستهێنانی ئامانجێکی دیاری کراو. (السید،١٩٦٨: ٣٢٨).

یان لە پێناسەیەکیتردا پێواژو هاتوە بەوەی کە بریتییە لە کۆمەڵێک شت کە جیبەجێ دەبیت و مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت لە پێناو بەدەست هێنانی ئامانج و ئەنجامێکی دیاری کراو. (Horny,2002:1008)

لەگەڵ چەمکی (پێواژو) چەمکی (پاراستنی منداڵ) لە چوارچێوەی ڕێکەوتننامەی مافەکانی منداڵدا دیاریکراوە. لە مـاددەی ١٩ی ئەو ڕێکەوتـنەدا پێناسـەکراوە کە بـریتییە لە (هەمـو ڕێکارێکی یاسـای و کارگێڕی و کـۆمەڵایەتی و فێرکاری گونجـاوە لە لایەن وڵاتـانی ئەنـدامەوە دەگیرێـتەبەر بـۆ پاراسـتنی منـداڵ لە هەمـو جۆرەکـانی تونـدوتیژی و خـراپ مامەڵەکردن و زیان پێگەیاندنێک لەڕوی جەستەی و دەرونی و ئیستیغلالکردن و سێکسیەوە کە لەژێر چاودێری دایک و باوک یان بەخیوکاری یاسایدایە یان هەردوکیان یان هەرکەسێکی تر کە چاودێری کردنی منداڵەکەی لە ئەستۆ گۆتوە. (ڕێکەوتننامەی مافەکانی منداڵ،ماددەی-١٩)

پاراستنی منداڵ زاراوەیەکی گشتگیرە بەکاردێت لەسەرجەمی ئەو ڕێکارانەی کە لەبواری فەلسەو سیاسات و ڕینمای دەگیرێتەبەر بە ئامانجی پاراستنی منداڵ لە زیانگەیاندن پێی بەمەبەست بێت یان بێ مەبەست. لەم چوارچێوەیەدا ئەم دەستەواژەیە بەتایبەتی جێبەجێ دەبێت لەئەرکی ڕێکخراوەکان و ئەوکەسانەی هاوبەشن لەگەڵیاندا. بەرەو پاراستنی ئەو منداڵانەی لە ژێر دەستی ئەم ڕێکخراو کەسانەدان.(جاکسون و فیرنهام ،٢٠٠٧: ٢١)

پاراستنی منداڵ: ئەو پێوەر و پێکهاتانەن کە بۆ پاراستن و بەرگریکردنی منداڵان لە دژی توندوتیژی و دەست درێژی و چەوساندنەوە و فەرامۆشکردن و پشتگوێخستنی منداڵان پێکهێنراون.(Save the Children,N.Y:8)

پێناسـەی ڕێکاری پێواژۆی پاراسـتنی منـداڵ: بـریتییە لە کۆمەڵێـک ڕێسـا و ڕێکاری و حـوکمی و نـاحوکمی کە لەلایەن دامەزراوەکـانی حـوکمەت و ڕێکخراوەکـان و خێزانەکـانەوە دەگیرێـتەبەر، لە چـاودێریکردن و وبەدواداچـون بـۆ ئەوەی منداڵان بپارێزرێن لەهەمو ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی زیان گەیاندن بە منداڵ لەڕوی (پەروەردە- دەرونی- کۆمەڵایەتی- تەندروستی– یاساییەوە- پیشەیی-خۆشگوزەرانی)، تیایدا کەشێکی لەبار بۆ منداڵ دەرەخسێنرێت و مافەکانی دەستەبەر دەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت بە سەلامەتی قۆناغی منداڵی بەسەر بەرێت.

**دووەم: منداڵ:**

- پێناسـەی منـداڵ لەڕوی ڕێکەوتننـامەی مافەکـانی منـداڵەوە: بەپـێی مـاددەی (١) لە ڕێکەوتننـامەی مافەکـانی منـــداڵان، لەلایەن ڕێکخـــراوی نەتەوەیەکگرتوەکانـــدا هـــاتوە کە منـــداڵ هەر مـــرۆڤێکە کە تەمەنی (١٨ســـاڵ) تەواونەکردبیت، لە ڕوی یاساییەوە بە ناپێگەیشتو دێتە ئەژمار.(ڕێککەوتننامەی مافەکانی منداڵان-ماددەی ١)

لەزۆرێک لەسەرچاوە یاساییەکاندا وشەی نەوجەوان بەکاردێت بەتایبەت بۆ لادانی نەوجەوانان. یاساناسان زیاتر بەکاریدەهێنن بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی یەکسان نەوجەوانان لەوانیتر جیابکەنەوە، پێوەرێکی باشتریان لە تەمەنیان نەدۆزیەوە بۆ ئەم جیاکردنەوەیە، هەر بۆیە تەمەنێکی دیاری کراویان دانا و لە ژێر ئەو تەمەنەدا هەموکەسێک بە نەوجەوان دادەنرێت لە ڕوی یاساییەوە.(أبوتوتو،١٩٩٩: ٢٠٦)

پێناسەی ڕێکاری بۆ منداڵ: مەبەستمان لە منداڵ لەم توێژینەوەیەدا هەمو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە تەمەنیان لە نێوان (١١ بۆ ١٨ساڵی)دا یە، و لە ڕێگەی دادگاوە سپێردراون بەچاکسازی ژنان و منداڵان لە هەرێمی کوردستان.

**سێیەم: دامەزراوەی چاکسازی منداڵان:**

- دامەزراوەی چاکسازی دامەزراوەیەکە کۆمەڵێک ڕێوشوێنی چاکسازی تیادا جێبەجێدەکرێت، بە مەبەستی ڕێنمایکردن و چاودێریکردن و پەروەردە و دیسپلینکردنی زیندان، ڕۆڵی چاودێریکردنی تایبەت بە نەوجەوانانی تێدایە، بەپێی جۆری تاوان و تەمەن و ڕەگەز. هەروەک چۆن چاکسازی هەیە بۆ پیاوان بەهەمان شێوە بۆ ژنان و نەوجەوانانیش هەیە. (کریم،٢٠١٥: ٢٣).

دامەزراوەی چاکسازی گۆڕاوە لە ژینگەیەکی سزادانەوە بۆ ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی کە بیناکردنی پێکهاتەی کەسایەتی زیندانی تیا بەردەست دەبێت. بەئامانجی ئەوەی ئەم ژینگە نوێیە بیانگێڕێتەوە بۆ ژیانی ئاسایی. پەیامی زیندان لە نەرێنیەوە گۆڕاوە بۆ ئەرێنی، بەو مانایەی زۆرترین ژمارەی زیندان ئامادەبکەن بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی، لەڕوی پیشەیی و کلتوری و کۆمەڵایەتییەوە خۆیان ئامادەبکەن، لەڕوی دەرونی و جەستەییەوە گونجاوبن، بە پشت بەستن بەو گۆڕانکاریانەی بەسەریاندا هاتوە جێگەی خۆیان لە پرۆسەی بەرهەم هێناندا بکەنەوە و وەک هاووڵاتییەکی باش لە دەرەوەی زیندان دەستپێبکەنەوە.(حمید،بدون تأریخ : ٢٠٥)

بەپێی سیستەمی ژمارە (٣) ساڵی(١٩٨٨) ی قوتابخانەکانی پێگەیشتنی نەوجەوانان پێناسەی دەکات بەوەی کە (ئەو قوتابخانە ئامادەکراوەیە بۆ سپاردنی نەوجەوانان کە دادگاکان بڕیاری سپاردنیان دەدەن بە ئامانجی گونجانیان لەڕوی کۆمەڵایەتی و پێگەیاندنیان لە ڕوی ڕەفتار و پیشەو پەروەردەی، هەریەکەیان لە دوایدا دەناسرێن بە قوتابخانە کە بریتین لە قوتابخانەکانی (قوتابخانەی پێگەیاندنی مێردمنداڵان- قوتابخانەی پێگەیاندنی هەرزەکاران– قوتابخانەی لاوانی هەراش بو). (قانون رعايه الأحداث العراقي رقم ٧٦ لسنة -١٩٨٣- المادة ٨٢).

پێناسەی ڕێکاری بۆ چەمکی دامەزراوەی چاکسازی منداڵان بریتییە لە قوتابخانەکانی شیاندنەوە کە سپێردراوانی نەوجەوانانی تێدا دەمێنێتەوە بەفەرمانی دادگا. بەئامانجی پاراستنیان و ئەنجامدانی توێژینەوەی کەسی و پێدانی بەرنامەی پەروەردەی و دەرونی و کۆمەڵایەتی و پیشەی و شیاندنەوەیان بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی باشتر دوای ئازادکردنیان بگەڕێنرێنەوە بۆ کۆمەڵگە، و تاکێکی سودمەندیان لێ بەرهەمبهێنرێت.

## ٢- توێژینەوەکانی پێشو

**یەکەم**: توێژینەوەی عمار(٢٠١٧): بەناونیشانی (دور المؤسسات المتخصصه في حماية الطفولة) (ڕۆڵی دامەزراوە تایبەتمەندەکان لە پاراستنی منداڵی) کێشەی ئەم توێژینەوەیە هەڵسەنگاندنە بۆ مەترسی ڕەوشی پاراستنی کۆمەڵایەتی لە دامەزراوە تایبەتمەندەکانی پاراستنی منداڵان؟ ئایە بەپێی ڕەگەز و ئاستی خوێندن جیاوازە. ئامانجی توێژینەوە کە بریتییە لەهەڵسەنگاندنی ڕەوشی پاراستنی کۆمەڵایەتی لەڕوانگەی نمونەیەک لەو منداڵانەی مەترسیان لەسەرەو نیشتەجێی دامەزراوە تایبەتمەندەکانی پاراستنن. هەروەها ئاشکراکردنی کاریگەری ڕەگەز و ئاستی خوێندن لەسەر خەمڵاندنەکانیان سەبارەت بە پاراستن و وەرگرتنیان لە دامەزراوەکەدا. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لەو منداڵانەی مەترسیان لەسەرەو لەدامەزراوە تایبەتمەندەکانی منداڵان و هەرزەکاران لە هەردو سەنتەری فرەخزمەتگوزاری بۆ خۆپاراستنی گەنجان (ورقلە - ببروانەبتلماس). نمونەی توێژینەوەکە بریتییە کە (٢٦)منداڵی ناو ئەوسەنتەرانەیە. ئامرازی کۆکردنەوەی زانیارییەکانیش بریتین لەدروستکردنی پێوەر و فۆرمی ڕاپرسیی و لە ڕێگەی شیکاری ئاماری توێژەر گەیشتوە وبەچەند دەرەنجامێک لەوانە: سەنتەرەکانی تایبەتمەند بە پاراستن، بە شوێنێکیی سەلامەت دادەنرێت بۆ

ئەو منـداڵانەی مەترسـیان لەسـەرە لەبەر ئەوەی بەپـێی بۆچونەکانیـان توانیویـانە خۆیـان بەدوربگـرن لە تونـدوتیژی و ئیسـتغلال و خـراپ بەکارهێنـان و پشتگوێخسـتن. هەروەها کەش و هەوای نـاو سـەنتەرەکانی پاراسـتن کاریگەری ئەرێنی لەسەر ئاسودەی و ئاسایشی منداڵان هەبوە، ژینگەیەکی جێگرەوەی بۆ خێزانی منداڵان دابینکردوە.

**دوەم:** توێژینەوەی أبو حورية(٢٠٢٣): بەناونیشانی (واقع حمايةالطفل في المؤسسات الرعاية الأجتماعية الرسمية) (واقیعی پاراستنی منداڵ لە دامەزراوە فەرمییەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی)

کێشەی توێژینەوەکە بریتییە لە ڕۆڵی دامەزراوە فەرمییەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی لە پاراستنی منداڵدا. ئامانجی ئەم تـوێژینەوە خـۆی دەبینێـتەوە لە زانیـنی جـۆری چـاودێری منـداڵان لە دامەزراوە فەرمییەکـانی یەمەنـدا، جـۆری ئەو خزمەتگوزاریانەی کە پێشکەش دەکرێت لە دیدی فەرمانبەرانی پیشـەی و پسـپۆڕانی بـوارەکە. دیـارترین بەربەسـت و ڕێگرییەکان کە دێنەڕێی خزمەتگـوزاری پاراسـتنی منـداڵان، پێشکەشـکردنی چارەسـەر وپێشـنیار بـۆ باشـکردنی واقـیعی پاراسـتنی منـداڵان لەدامەزراوە فەرمییەکانـدا. کـۆمەڵگەی تـوێژینەوەکە بـریتییە لە فەرمـانبەرانی پیشـەیی و پسـپۆڕ لە دامەزراوە فەرمییەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی لە پایەختدا. نمونەی توێژینەوەکە بریتییە لە وەرگرتنی (١٥٠) فەرمانبەر بەشـێوەیەکی مەبەسـتدارلە دامەزراوەکانــدا. ئــامرازی کــۆکردنەوەی زانیارییەکــانیش بــریتین لە (فــۆرمی ڕاپــرسی و چاوپێکەوتن و تێبینیکرد)ن، پێوەری بەکارهێناوە. لە دەرەنجامیشدا توێژەر گەیشتوە و بەوەی کە:

-پاراسـتنی منـداڵ لە دامەزراوە فەرمییەکان چـاودێری کـۆمەڵایەتی و خزمەتگوزارییەکان دیـاریکراوە بەتـایبەت بـۆ حـاڵەتی لەناکاو وکتـوپڕ و لادانی نەوجەوانـان. سـەرەڕای هەوڵی دامەزراوە فەرمییەکان پاراسـتنی منـداڵ سـنوردارە و بەرزنابێتەوە بەهۆی بێکاری و بێ موچەی. هەبونی کەلێنێکی زۆر لە هەندێک لە دامەزراوەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی لەوانە کەلێـنی (یاسـایی تـایبەت بەمـافی منـداڵان، کەلێـنی مـادی، ئـاڵۆزی ڕێکارەکانی بەڕێوەبردن و پلانـدانان، نەبـونی بودجەی پێویست بۆدامەزراوەکان، نەبونی هەماهەنگی تەواو لەنێوان دامەزراوە فەرمییەکان).

**سێیەم**: تـوێژینەوەی بلعـزوق و بـوهراوە(٢٠٢٤): بەناونیشـانی (دور مراكـز حمايـة الطفولـه في التحقيـق الانـدماج الأجتمـاعي للأطفـال في خطـر) (ڕۆڵی ناوەنـدەکانی پاراسـتنی منـداڵی لە بەدیهێنـانی ئـاوێتەبونی کـۆمەڵایەتی بـۆ ئەو منداڵانەی لەمەترسیدان).کێشەی توێژینەوەکە بریتییە لەواقعی پرۆسەی تێکەڵاوبونی کۆمەڵایەتی ئەو منداڵانەی کە ڕوبەڕوی مەترسی دەبنەوە لە ناوەنـدی پاراستنی منداڵان لە (بولایتی ستیف و برج بوعريريج) لە جەزائیر. ئامـانجی تـوێژینەوەکە بـریتییە لە زانیـنی ڕۆڵی ئەم سـەنتەرانە بـۆ تێکەڵاوبـونی کـۆمەڵایەتی ئەو منـداڵانەی ڕوبەڕوی مەتـرسی دەبنەوە کە دەچێتە چوارچێوەی سیاسەتی چاودێری کۆمەڵایەتی دەوڵەتی جەزائیر. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکدێت لە منداڵانی ناو پێنج سەنتەر لەوانەش: (سەنتەری منداڵانی برج بوعريريج، عيسى زيتونى، سەنتەری پاراستنی منداڵانی یەک و دو، سـەنتەری پاراسـتنی منـداڵانی علـمە). نمـونەی تـوێژینەوەکە بـریتییە لە(٨٠) منـداڵی نـاو ئەو سـەنتەرانە. ئـامرازی کـۆکردنەوەی زانیارییەکـانیش بـریتین لە (فـۆرمی ڕاپرسـی، چـاوپێکەوتن، تێبیـنی، سـودوەرگرتن لە تۆمـار و بەڵگەنامەکان). لە ڕێگەی شیکاری ئاماری گەیشتوە بە چەند دەرەنجامێک لەوانە:

- ئەو خزمەتگوزاریـانەی پێشـکەش دەکرێـت بەپـێی یاسـای وڵات و یاسـا نێودەوڵەتییەکانە. بە ئامـانجی چـاودێری کۆمەڵایەتی و تێکەڵاوکردنی ئەو منداڵانەی مەترسیان لەسەرە لەکۆمەڵگەدا.

- لەنـاو ئەم سـەنتەرانەدا بەپـێی فەرمـانی دادوەر و پارێزگـار وکاربەدەسـتان، هەمـو جـۆرە منـداڵێک وەردەگـرن، کە بەدەست جۆرەکانی بێبەش بون و لادان و پەراوێزخستن و توندوتیژیەوە بونەتەوە.

- پێشکەشـکردنی خزمەتگـوزاری ڕێنمـای بـۆ خێزانەکـان بە ئامـانجی تێکەڵاوبـونی منـداڵان لەگەڵ خێزانەکـانەوە و دروسکردنی پەیوەندییەکی سێ لایەنە لە نێوانیاندا.

- خزمەتگوزاری ڕێنمایکردن پێشکەش بە منداڵ و خێزانەکان لەسەر بنەمای هاوڕێیەتی و ئامۆژگارییە.

- هەبـونی پەیوەنـدی و بەشـداریکردنی دامەزراوەکانی تـر لە کـۆمەڵگەدا، بە ئامـانجی چـاودێرییەکی گشـتگیر بـۆ ئەو منداڵانەو تێکەڵاوکردنیان لەناو دامەزراوەکانی تردا.

## ٣ : گفتوگۆی توێژینەوەکانی پێشو:

١. لەڕوی ئامانجەوە: هەریەك لە توێژینەوەکان ئامانجێک یان چەند ئامانجێکیان هەیە، هاوبەشن یان نزیکن لە ئامانجی ئەم توێژینەوەیەوە، لەبەرئەوەی جەخت لە پاراستنی منداڵ دەکەنەوە. توێژینەوەی (عمار) ئامانجی بریتییە لەهەڵسەنگاندنی ڕەوشی پاراستنی کۆمەڵایەتی نمونەیەک لەو مندالانەی مەترسییان لەسەرە، هەروەها ئاشکراکردنی کاریگەری ڕەگەز و ئاستی خوێندن سەبارەت بە پاراستن و وەرگرتنیان لە دامەزراوەکەدا. هەروەها توێژینەوەکانی (أبوحوریە-بلعزوف و بوهراوە) بەئامانجی زانینی ئاستی خزمەتگوزارییەکان و پەروەردە و شیاندنەوە و تێکەڵاوبونی منداڵان. جگەلەم ئامانجەش توێژینەوەی (أبوحوریە) ئامانجی دەرخستنی بەربەستەکان، چارەسەر و پێشنیارەکانیش لە پێناو پاراستنی منداڵدا بیخاتەڕو. بۆمان دەردەکەویت هەریەک لە توێژینەوەکانی (أبوحوریە-بلعزوف و بوهراوە) هەمان ئامانجی ئەم توێژینەوەیەی ئێمەیان هەیە. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە گەڕانە بەدوای دەرخستنی ئاستی پاراستنی منداڵ لە قوتابخانەکانی شیاندنەوە لە هەرێمی کوردستاندا.

٢. ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری: هەر سێ توێژینەوەکە لە شێوەی ڕوپێویە، و سودیان لە چەند ڕێگەیەک وەرگرتوە بۆ کۆرکردنەوەی زانیارییەکان. توێژینەوەی (عمار) دروستکردنی فۆرمی ڕاپرسی بەشێوەی پێوانە بەکارهێناوە، هەروەها توێژینەوەی (أبو حوریە) فۆرمی ڕاپرسی بەشێوەی پێوانە، چاوپێکەوتن، تێبینیکردن بەکارهێناوە. هەروەها توێژینەوەی (بلعزوف و بوهراوە) فۆرمی ڕاپرسیی، چاوپێکەوتن، تێبینیکردن، سودوەرگرتن لە تۆمار و بەڵگەنامەکانی بەکارهێناوە. لەم توێژینەوەیشدا توێژەر فۆرمی ڕاپرسی لە شێوەی پێوانە، و تێبینیکردن بەکارهاتوە.

٣. لەڕوی کۆمەڵگە و نمونەی توێژینەوەکە: توێژینەوەی(عمار) وەرگرتنی(٢٦) منداڵ و(بلعزوف و بوهراوە) بەوەرگرتنی(٨٠) منداڵیان وەرگرتوە لە ناو سەنتەرەکانی تایبەت بەپاراستنی منداڵاندا. بەڵام توێژینەوەی(أبو حوریە) بەوەرگرتنی (١٥٠) فەرمانبەری پیشەیی لە دامەزراوەکاندا جیاوازە.

ئەم توێژینەوەیەش سەرجەم نەوجەوانانی هەر سێ قوتابخانەکانی شیاندنەوە لە (سلێمانی- هەولێر- دهۆک) وەرگرتوە کە ژمارەیان(٤٠)نەوجەوانە.

٤. ئەنجامەکانی توێژینەوە: هەریەك لەم توێژینەوانە گەیشتون بە کۆمەڵێك دەرئەنجام. ئێمەش لە کۆتایی توێژینەوەکەدا دەگەین بە کۆمەڵێك دەرئەنجام، لە بەشی مەیدانیدا بەراوردیان دەکەین بە یەکتری.

### ٤- چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە: تیۆری بونیادی وەزیفی(Functional Structural Theory)

ئەم تیۆرە پێی وایە کۆمەڵگە وەک بونەوەرێکی زیندو وایە کە لە چەند ئۆرگانێک پێکدێت لە بەرامبەریدا لە کۆمەڵگەدا بە دامەزراوە ناودەبرێت. هەریەک لەم ئۆرگانانە ئەرکێکی دیاریکراوی هەیە و پێکەوەش یەکتری تەواودەکەن، بەپێی پێکهاتەی دامەزراوەکانیش لە کۆمەڵگەدا هەر دامەزراوەیەکیش ئەرکێکی هەیە وەک دامەزراوەی (ئابوری، پەروەردەی، ئاینی، خێزانی، سیاسی) و لە بەرامبەردا هەریەکەیان بەرپرسن لە کۆمەڵێک ئەرکی تایبەت کە بۆیان دیاریکراوە و پێویستە پێی هەستن و لە کۆتاییدا یەکتری تەواو دەکەن.(الحسن٢ ،١٩٩٩: ٥٧٠) ئەم تیۆرە لەسەر دەستی چەندین کۆمەڵناس دامەزراوە و گەشەی کردوە ، لێردا باس لە بۆچونی دو انیان دەکەین:

#### أ-تالکۆت پارسۆنز: Parsons Talcott (١٩٠٢-١٩٧٩)

پارسۆنز یەکێکە لە بەناوبانگترین کۆمەڵناسە ئەمریکییەکان و ڕابەرانی بونیادی وەزیفی. چوارچێوەیەکی ئەرکی بۆ لێکۆڵینەوەی کۆمەڵگەی مرۆی دانا. خاڵی دەسپێکی ئەوەیە هەربەشێکی کۆمەڵگە وەربگرین، دەتوانین لە ڕەوتی گشتدا لێی تێبگەین، کەوەک سیستەمەم وەهایە، وا سەیری کۆمەڵگەی کردوە کەوەک سیستەمێکی بەیەکداچوە و لەڕوی ئەرکەوە پاڵپشتی یەکتری دەکەن. مەبەست لە ئەرک پاراستنی تەرز، ئەوەیە ئەندامانی سیستەمەکە پرەنسیپەکان و بەهاکان پەسەند بکەن ئەو ڕۆڵانە ببینن کە پێیان سپێردراوە، ئەویش لە چوارچێوەی پابەندبون بەو ئایدیا و

بەهایـــانەوە. خـــێزان بە یەكەمـــین لـــقی سیســـتمی كـــۆمەڵایەتی دادەنرێـــت كە ئەم ئەركە بە ئەنجـــام بگەیەنێت.(مەنوفی،٢٠٠٧: ١١٨)

پارسۆنس ئاماژە بە كۆمەڵێک میكانیزم دەكات (كۆنترۆڵەكان) كە بەشدارن لە پاراستنی سیستمدا، كە هاوسەنگی ڕادەگـرن بە جیـاوازی كـات و ئەو قۆناغـانەی كە ڕێكخسـتنی كـۆمەڵایەتی پیایـدا تێـدەپەڕێت، لەوانەش پێگەیانـدنی كۆمەڵایەتی ئەوەی كە تاک لە تەمەنێكی بچوكەوە فێری ئەو بەها و ستانداردە كولتورییانە دەكرێت كە بەرپرسیارن لە كۆنترۆڵكردن و ئاراستەكردنی ڕەفتار و جۆرەكانی كردار. سەقامگیری و مانەوەی ڕێكخستنی كۆمەڵایەتیش دەگەڕێتەوە بۆ توانای خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو گۆڕانكارییانەی كە سەرهەڵدەدات لەگەڵ چواردەوردا، هەروەها دابینكردنی ئەو پێداویسـتیانەی كە پرۆسـەكانی گـۆڕان داوای دەكەن، بەتـایبەتی بـۆ هەر پێكهـاتەیەكی ڕێكخسـتنەكە. لەم كـاتەدا ڕێكخسـتنی كـۆمەڵایەتی لە یەک كاتـدا دو ئەرک جێبەجێدەكات، خۆگونجانـدنی لەگەڵ ژینگەی دەوروبەر لە لایەک و تەواوكاری پێكهاتەكانی لەلایەكی دیكەوە.(الغریب،٢٠١٢، ١٧٢)

بە بۆچـونی پارسـونز بونیـادی كـۆمەڵگە بەشـێوەیەكی سـەرەكی لە چـوار سیسـتەم پێكەهـاتوە ئەوانـیش سیسـتەمی (كۆمەڵایەتی و كولتوری و ئۆرگانی و كەسێتی) بون. هەر سیستەمێک لەم سیستەمانە لقی تایبەت بە خۆی هەیە و هەر لقێكیان لەیەک كاتدا بەیەكەوە بەستراون و تەواو كاری یەكتریشن.

پارسـۆنز بـاوەڕی وایە دەتـوانین كـۆمەڵگە شـیبكەینەوە لە ڕێـگەی سیسـتمی كـۆمەڵایەتییەوە، كە پێویسـتە هەر سیسـتمێک لە هەر ئاسـتێكدا بێـت چـوار (پێداویسـتی ئەركی) تیـادا بەدیبێـت بـۆ ئەوەی بتوانیـت بمێنێـتەوە، ئەو پێداویستیانەش پێداویستی ئەركین. ناوی ناوە ئەركە ئەركییەكانی سیستم، بریتین لە١-توانستی سیتسم بۆ گونجاندن لەگەڵ سیستمەكانی دیكە و ژینگە سروشتیەكەی.٢-هێنانەدی ئامانجە سەرەكییەكانی سیستمەكە.٣-توانستی سیستم بۆ هێنانەدی یەكێتی لە نێوان ئەندامەكانیدا.٤-توانای سیستم بۆ پارێزگاریكردن لە سەقامگیری و سازان. (الحسن٣، ٢٠١٨: ٤٩٠)

**ب-ڕۆبەرت میرتۆن: Robert Merton (١٩١٠-٢٠٠٣)**

میرتـۆن یەكێكـترە لە زانایـانی بنیـادی وەزیـفی، دیـدێكی گـرنگی میتـۆدی پێشـكەش بە كۆمەڵنـاسی كـردوە لە ڕێگەی بەكارهێنانی چەندین دەستەواژەی تایبەت، كە تیۆرەكەی بە(تیۆری مەودا مامناوەند) ناسراوە.

بەڕای میرتۆن دامەزراوەكانی كۆمەڵگە وەک (قوتابخانە، خێزان، دامەزراوەی ئاینی، دەزگاكانی چاودێری كۆمەڵایەتی) پێویستە ئامرازی گونجاویان لە بەردەستدا بێت بۆ ئەوەی بگەن بە ئامانجە كۆمەڵایەتییەكان كە ئەمەش یارمەتیمان دەدات بـۆ ڕوبەڕوبونەوەی ئەو فشـارانەی كە دێـتە ڕێـیان، كە پێویسـتی بە یەكخسـتنی هەوڵەكانە. بەڵام زۆرجـار ئەم دامەزراوانە كێشە دێتە بەردەمیان و ناتوانن بە ڕۆڵی خۆیان هەڵبستن ئەمەش وادەكات تاک لە ڕێگەی ئامرازەكانەوە كە لە بەردەستێدایە نەتوانێت بگات بە ئامانجەكان.

بە بڕوای میرتۆن ئەگەر بەشەكانی سیستم نەگەنە ئەنجام ئەوا (الخلل الوظیفي- ئەرک پشێوی) دروستدەبێت، كە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی شكستهێنان بە كۆمەڵگە دەرەنجامێكی نێگەتیڤی دەبێت و توانای گونجاندن كەمدەكەنەوە و دەیخەنە دۆخێكی ناهاوسەنگ. بۆ دەستنیشانكردنی ئەرک پشێوی بۆ هەر پێكهاتەیەک یان سیستەمێكی كۆمەڵایەتی، پێویستە بیخەینە ناو چوارچیوەی ئەو ژینگە كۆمەڵایەتی و كولتورییەی كە تێیدا هەڵكەوتوە. لەوانەیە پێكهاتەكە بۆ سیستەمێكی دیاریكراو كارا بێت، بەڵام لەهەمان كاتدا ئەرک شێوان دەبێت بۆ سیستەمێكی تر. بۆ نمونە هەبونی دە منـداڵ بـۆ ئەو جوتیـارەی كە وەک سـەرچاوەیەكی ئـابوری سـەیریان دەكـات، كـاراییە، بەڵام لە ڕوی تەقیـنەوەی دانیشـتوانەوە نـاتەواوی كـارایی پێكـدەهێنن بـۆ كـۆمەڵگە. (لطـفي و الزیـات، بـدون سـنة:٧٧) میرتـۆن بەمەبەسـتی چارەسەركردنی ئەو كیشانەی كە دیتە ڕێی ئەركی سیستم و بنیادی ئەركی ئاماژەی بەچەند چەمكێک كردوە لەوانە:

**یەكەم**: تیۆری ماوە مامناوەند (النظریة متوسط المدی-Middle Range Sociological Theory

بیرۆكەكانی مێرتۆن سەبارەت بە تیۆرییەكانی مەودای مامناوەند بە یەكێک لە گرنگترین بەشدارییەكان دادەنرێت لە شـیكاری تیۆرییەكـان. تیـۆری كۆمەڵنـاسی مەودای مامناوەنـد بەجۆرێـک پێناسـە دەكات كە تیـۆرێكە پـێگەیەكی مـام

ناوەندی هەیە لە نێوان تیۆری گەورە و تیۆری بچوکدا، تیۆری گەورە لەسەر ئاستی کۆمەڵگە یان کۆمەڵێک دیاردە وەک یەکەیەکی گشتگیر شیکار دەکرێت. لە کاتێکدا تیۆری بچوک سەرنج دەخەنە سەر کۆمەڵێک بابەتی بەشەکی و واقیعی، تیایدا بەشێوەیەکی چڕ یان لەیەک لایەنەوە وەک پرسێکی لاوەکی و تایبەت کە ڕەنگە نوێنەرایەتی پرسێکی پەراوێزخراو بکەن لە کۆمەڵگە تازەکاندا. باوەڕی وایە هەر یەکێک لەم تیۆرانە لەسەر چەند گریمانەیەکی تیۆری بنیادنراون کە تاڕادەیەکی زۆر لەسەر بنەمای واقیعی ئەزمونی یان لەسەر بنەمای بایەخی چوارچێوە تیۆریی گشتیی دانەمەزراوە کە پێویستە تیۆری کۆمەڵناسی زانستی لەسەری بنیات بنرێت. (عبدالرحمن،٢٠٠٥: ٤٧)

**دووەم**:وەزیفەی ئاشکراو وەزیفەی شاراوە (الوظائف الظاهرة و الوظائف الكامنة)(Manifest and Latent Functions )

ئەرکی ئاشکرا ئەو ئەرکانەن کە چاوەڕوانی ڕودانیان دەکرێت بەئامانجی گەیشتنە بە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی، یان لە ئەنجامی ئەو چاودێری بابەتیانە بوە کە بەشدارن لە پاراستنی سیستمەکە و پێویستە تاک لە گەڵیدا بگونجێت. بۆنمونە ئەرکی زانکۆ تایبەتە بە خوێندن و توێژینەوەی زانستی و خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی. بەڵام ئەرکی شاراوە ئەو ئەرکەیە کەمەبەست لێی نەبوە و چاوەڕوانی نەبون و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی هەوڵیان بۆ نەداوە و ئامانجیان نەبوە. وەک لە ڕێگەی زانکۆکان بەشداری کاری ئابوری یان سیاسی بکەن.(الغريب،٢٠١٢: ١٩٨)

**سێیەم**: خستنەبڕی (ئەلتەرناتیڤی) فەرمانگەرایی

خستنەبەری وەزیفی لە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا دەردەکەون، تا هەستێت بە کارێکی کۆمەڵایەتی کە لەوەوپێش هەڵدەستا بە ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتی تر، کە بەشێوەیەکی کاتی وەستا بو یان بەبەردەوامی وەستا بو. لە ئاکامی هەندێ کاریگەری تەکنەلۆژیا یان شارستانی. لە نمونەی ئەو خستنەبر و جێگۆڕکێیانە ڕۆڵی دایەنگایە کە هەڵدەستێ بە ئەرکی پەروەردە و دەست بە سەراگرتنی منداڵ لەناو خێزاندا یان هەر لە جیاتی خێزان. شتێکی ئاشکراشە کە خستنەبری ڕۆڵ بەدوایەکدا هاتن لانابات و داینابڕێت لەکۆ، چونکە دایەنگا خێزان هەڵناوەشێنێتەوە بەڵکو یارمەتی دەدات لە ئەرکەکانیدا.(زێباري،٢٠١٢: ٦٢)

**چوارەم:** ئەرک پشێوی و پەکخەرە فەرمانگەراییەکان لە بەرامبەر فەرمانگەراییدا: (الإختلال الوظيفي-Dysfunction)

بەڕای میرتۆن ئەرک پشێوی ئەو چالاکییەیە کە بەشداری لە داڕوخانی کلتور یاخود کۆمەڵگەدا دەکات. میرۆتۆن ڕەخنە لەو گریمانەیە دەگرێت کە جێی گومانەو تیۆری ئەرکەکی لەسەر دادەمەزریت، ئەویش ئەوەیە کە (هەمو چالاکییەک پێویستە بۆ سیستمەی کۆمەڵایەتی و، هەمو ڕەگەزێکی کۆمەڵایەتیش ئەرکێکی پۆزەتیڤی هەیە) ڕەخنەکە پشت بەو ئەرکە وێران کەرانە دەبەستیت کە هەندێک ڕەگەزی پێکهاتەی سیستمی کۆمەڵایەتی دەیانگێڕن بەتایبەتی ئەرکە شاراوەکان کە میرتۆن ناوی دەنێت (ئەرک پشێوی). (الحسن، ١٩٩٩: ٣٩)

**شیکاری بونیادی ئەرکگەرای بۆ پاراستنی منداڵ لە دامەزراوە چاکسازییەکاندا،** ئەم تیۆرە لەکۆتایدا دەگات بەو دەرئەنجامەی کە کۆمەڵگە یاخود گروپ یاخود دامەزراوە بونیادێکیان هەیە، کە ئەو بونیادەش لە چەند بەشێك پێکدێت، هەر بەشێک ئەرکێکی هەیە، ئەرکی هەر بەشێکیش تەواوکەری ئەرکی بەشەکانی دیکەیە، کە بۆ بەردەوامبون و دەستەبەرکردنی ئەو ئامانجانەی پلانی بۆ دانراوە یارمەتی سیستم دەدات.(حەسەن،٢٠١٢: ٧١)

لەڕوانگەی ئەم تیۆرەوە، دامەزراوە چاکسازییەکان لەکۆمەڵێک بونیاد پێکهاتون، کە هەریەکەیان دابەشبون بەچەند بەشێکەوە، هەر بەشێکیش ئەرکێکی هەیە، ئەرکی هەربەشێکیش تەواوکەری ئەرکی بەشەکانیترە کە پێکەوە دەتوانن پاراستنی منداڵ و ئامانجی دوبارەگەڕاندنەوە ی منداڵ بۆ ناو خێزان و کۆمەڵگە بەدەستبهێنن. بەلەدەستدانی ڕۆڵی هەر بەشێک، ڕۆڵی ئەوانیتر تێکدەچێت و لەکۆتایدا ناتوانرێت ئەو ئامانجەی هەوڵی بۆ دەدرێت بەدەستبهێنرێت.

دامەزراوە چاکسازییەکان لەئێستا تەنها ڕۆڵی دامەزراوەی سزایی نابینن، بەڵکو بەپێی یاسا کارپێکراوەکان و ئامانجەکانیان ڕۆڵێکی پەروەردەیی و شیاندنەوە دەبینن، بەپێی ئەو بەرنامەو پرۆگرام و ڕاهێنانانەی بۆیان دیاریکراوە. لەکاتێکدا ئەگەر ئەم دامەزراوانە لە ڕوی بونیادەوە چەند کێشەیەکیان هەبێت و لەڕوی وەزیفەوە نەتوانن بە ڕۆڵەکانی خۆیان هەستن، هەماهەنگی و هاوسەنگی بەدەست نایەت و ئەو ئامانجەی لە پێناویدا هەوڵی بۆدەدەن بە

پێچەوانەوە دەشكێتەوە، وەک وتەیەكی باو هەیە دەڵێت: (چاكسازییەكان هێندەی قوتابخانەیەكن بۆ فێربونی تاوان هێندە قوتابخانەیەک نین بۆ چاككردنی ڕەفتای تاوانباران). بەوردبونەوە لە چاكسازییەكان و توێژینەوە و كاركرن لە ناویاندا دەبینین چەندین بەربەستی گەورە هەیە لەبەردەمیاندا، هەندێكی ڕاستەوخۆ پەیوەستە بەدامەزراوەكەوە، هەندێكی تری پەیوەستە بەو ماددە یاساییانەی كە منداڵانی پێ سزادەدرێن. قەیرانەكانی بەڕێوەبردن، بەربەستی ماددی، مرۆیی لەوكێشەگرنگانەن كە تائەندازەی مەحاڵی لێهاتوە و بەردەوام دوبارە دەبنەوە. هەمو ئەمانە پێكەوە وادەكەن چاكسازییەكان لە پێكهاتە، و ئەو ڕۆڵەی بۆی دیاریكراوە نەتوانن بەوەزیفەی خۆیان هەستن، بەمەش بەربەستی وەزیفی دروست دەبێت، لە ئەنجامدا ئەركپشێوی دروست دەبێت، و زەرەرمەندی یەكەم منداڵە پاشان خێزان و كۆمەڵگە. بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە هەندێک جار كردەوەی تاوانكاری لە نێوان هەندێک لە نەوجەواندا دوبارەبێتەوە، كە هۆكارەكەی ئاماژەبێت بۆ كێشە قوڵەكانی بەسەربردنی ماوەی سپاردنی یەكەم جار و چاودێری نەكردنی پاشینەبۆی و نەگۆڕینی ژینگە كۆمەڵایەتیەكەی، سەرەڕای نەبونی دەرفەتە نایەكسانەكان لەبەردەم نەوجەوانان لە كۆمەڵگەدا بۆ ئەوەی بتوانن بەپێی تواناكانیان لە سەر پێی خۆیان ڕابوەستن. كۆی دامەزراوە دادوەری و پۆلیس و دادگا و دامەزراوە چاكسازییەكەن بەیەكەوە و وەک یەک تیم لەئاستی پێویستدا نین، یاسا كارپێكراوەكان كۆنن لەپێناو پاراستنی منداڵان پێویستمان بەیاسای نوێ و سیستمی بەڕێوەبردنی تازە هەیە، بۆ ئەوەی كەمترین نەوجەوانان بە دامەزراوە چاكسازییەكان بسپێردرێن.

**٥-پاراستنی منداڵ لە دامەزراوە چاكسازییەكاندا**

كاتێک باس لە پاراستنی منداڵان دەكرێت لە دامەزراوە چاكسازییەكاندا، مەبەست لێی گرتنەبەری هەمو ئەو ڕێوشوێنە یاسایی و نێودەوڵەتیانەی كە پێویستە بگیرێتە بەر كاتێک نەوجەوانان دەسپێردرێن بە قوتابخانەكانی شیاندنەوەی نەوجەوانان تا ئازادكردنی بۆ ئەوەی لە هیچ قۆناغێكدا مافەكانی پێشێل نەكرێت. ئەم بنەمایانە دەگیرێتەبەر لەلایەک وەک پابەند بونێكی یاسایی، چونكە زۆربەی بەیاسا هاتوە و لەناوەڕۆكی یاساكاندا مامەڵەیەكی لۆجیكی و ڕەوشتیمان نیشاندەدرێت. لەلایەكی تر ئەو وڵاتانەی كە پابەندن بە ڕێكەوتننامە نیودەوڵەتییەكان، لە پێناو سەلامەتی جەستەی و دەرونی و كۆمەڵایەتی و تەندروستی نەوجەوانان و جێبەجێكردنی یاسادا، پێویستە بەو پەیماننامانەوە پابەندبن.

قوتابخانەكانی شیاندنەوەی نەوجەوانان بەپێی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی (١٩٨٨) چاودێریكردنی نەوجەوانان، ئامادەدەكرێت بۆ سپاردنی نەوجەوانان كاتێک دادگا بڕیاری سپاردنیان دەدات. بە ئامانجی گونجاندنیان لە ڕوی كۆمەڵایەتی و چاككردنی ڕەفتاری و پیشەیی و پەروەردەی، دواتر هەریەكەیان دەناسرێت بە قوتابخانەكە ئەوانیش بریتین لە سێ قوتابخانە:

١-قوتابخانەی شیاندنی نەوجەوانانی مێردمنداڵان تایبەت بەتەمەنی خوار (١٥)ساڵ.

٢- قوتابخانەی شیاندنەوەی نەوجەوانانی هەرزەكاران تایبەت بە تەمەنی (١٥-١٨)ساڵ.

٣-قوتابخانەی لاوانی هەراش تایبەت بە تەمەنی (١٨-٢٢)ساڵ. (قانون رعایه الأحداث العراقي رقم (٧٦)لسنة (١٩٨٣) المادة ٨٢)

بە وردبونەوە لەبەكارهێنانی ناوی قوتابخانە كە لە ڕاستیدا ناوەندێكی پەروەردەی و پێگەیانە، دەسپێكێكی باشە بۆ بارودۆخی نەوجەوان كە لە بەرامبەر وشەی (زیندان یان چاكسازی) بەكارهاتوە. ئەمەش وادەكات فەلسەفەو پرۆگرامی ئەم دامەزراوەیە ئامانجێكی پەروەردەی و شیاندنەوەی هەبێت، لەڕوی كۆمەڵایەتییەوە مەبەستێتی بە شێوازێكی باش مامەڵە لەگەڵ نەوجەواناندا بكرێت بۆ ئەوەی دوبارە بەباشترین شێوە بگەڕێنرینەوە ناو كۆمەڵگە.

بەڕێوەبەر بەهاوكاری توێژەران و بەشەكانی تر ئامادەییان هەیە بۆ پێشوازی كردن لەو نەوجەوانانەی كە دەسپێردرین بەم قوتابخانانە. ڕاستەوخۆ دۆسیەی تایبەتیان بۆ دەكرێتەوە، زانیارییەكانی (یاسای- تەندروستی –كۆمەڵایەتی- دەرونی) تۆماردەكرێت. لە ڕوی پێدانی ڕێنمایی، جیاكردنەوەیان لە یەكتری بەپێی پێوەرە زانستییەكان، پشكنینی

پزیشکی، ڕێنمایی یاسایی، پێدانی پێویستییەکانی وەک شوێنی حەوانەوە و ئەو چالاکییانەی کە پێشکەش دەکرێت بۆ نەوجەوان ڕوندەکرێتەوە هەمو جۆرە خزمەتگوزارییەکی پەروەردەییان پێدەدرێت.

بایەخدان بە خوێندن و تیشک خستنەسەر شیاندنەوە، کە خۆی لە بۆچونی سزادان بە دوردەگرێت، ئامانجی ئەم قوتابخانەیە. کە لەم ڕێگەیەوە سەرنجی کۆمەڵگە دەگۆڕێت بۆ ئەوەی دوبارە نەوجەوانەکە وەربگرنەوە و خێزانەکان هانبدەن لە پاڵپشتیکردنی منداڵەکانیان کە ئەمانە تاوانبارنین، بەڵکو هەڵەیەکیان کردوە و دەتوانن بگۆڕدرێن بۆ ئاستێکی باشتر لە هەڵسوکەوت و ڕەفتارکردن. پێویستە منداڵ بپارێزرێن چونکە زۆرجار ئەم منداڵانە قوربانین، بەهۆکاری خێزانی، ژینگەی پیشەی یان کۆمەڵگە توشی لادان هاتون.(کامل،٢٠٠١: ٩)

لەم قوتابخانانەدا کۆمەڵێک مافی تایبەتی هەیە هەر لە سەرەتای داخڵبون تاکاتی ئازادکردن و گەڕاندنەوەیان بۆ ناو خێزان و کۆمەڵگە کە پێویستە لە سەر قوتابخانەکان بۆیان دابینبکرێت لەوانەش:

**٥-١-مافی سەلامەتی جەستەیی و مەعنەویی**

پاراستنی سەلامەتی جەستەی و مەعنەویی بنەمایەکی سەرەکییە لە مافە بنەڕەتییەکانی سپێردراوان، مەبەست لەسەلامەتی جەستەی و مەعنەویی، بریتییە لە هەمو جۆرەکانی خراپ مامەڵەکردن و ئەشکەنجەدانی جەستەیی و مامەڵەی دڕندانە و نامرۆڤانە و ڕسواییانە، یان هەر جۆرە خراپ مامەڵەکردنێکیتر کە قەدەغەکراوە. کاتێک کەسێک بەهۆی کێشەیەکی یاساییەوە لە ئازادی بێبەش بون لەبەرامبەردا و پێویستە بەشێوەیەکی مرۆڤانە و بە کەرامەتەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت. لە یەکەم ساتی دەستبەسەرکردنەوە تا کاتی ئازادکردنیان.

**٥-٢-مافی ئاستی ژیانێکی گونجاو**

مەبەست لەم مافە ئەوەیە کە هەمو زیندانیەک مافی ئەوەی هەیە کە ئاستێکی ژیانی گونجاویان هەبێت لە ماوەی بەسەربردنی سپاردنەکەی. لەبەرئەوەی زیندانی ماوەیەکی دیاریکراو لە شوێنێکدا دەمێنیتەوە، دەبێت ئەم پەناگەیە هەندێک ستانداردی بنەڕەتی تێدا بێت، و شوێنی ژیانی گونجاویان بۆ دابینبکرێت بۆ ئەوەی نەوجەوانی سپێردراو بە تەندروستی بمێننەوە. لەم ڕووەوە ئەرکی دامەزراوە چاکسازییەکانە کە هەستێت بە ڕێکخستن و دابینکردنی:

١-شوێنی حەوانەوە: مەبەست لەوشوێنەیە کە زیندانی تێدا دەمێنێتەوە، پێویستە لە ڕوی ڕوبەرەوە گونجاو بێت بۆ ژمارەی زیندانییەکان، لەڕوی هەواگۆڕکێ، گەرمی، ڕۆشنایەوە گونجاو بێت بۆئەوەی تەندروستی زیندانییەکان بەباشی بمێنێتەوە و هیچ یەکێک لەم هۆکارانە نەبنە هۆی خراپی بارودۆخی تەندروستیان.(القواعد النموذجية الدنيا لمعاملة السجناء، المادة ١٢-١٣-١٤)

٢-خواردن و ئاوی خواردنەوە: پێویستە زیندانیان خواردنی تەندروستیان بۆ دابینبکرێت کە سودبەخش بێت بۆ هێزی جەستەییان، لەڕوی خواردنەوەی ئاویش پێویستە خاوێن بێت و هەمو کات دەستیان پێیبگات.(القواعد النموذجية الدنيا لمعاملة السجناء، المادة ٢٢ فقر١-٢)

٣-جلوبەرگ و جێگەی نوستن: دەستڕاگەیشتن بە جلوبەرگی گونجاو بۆ زیندانییەکان و دابینکردنی جێگەی نوستنێکی پاک، یەکێکە لە پێداویستییەکانی ئاستی ژیانێکی گونجاو. (القواعد النموذجية الدنيا لمعاملة السجناء، المادة ١٧،١٨،١٩)

**٥-٣-مافی تەندروستی**

چاودێری تەندروستی یەکێکە لە مافە سەرەکیەکانی نەوجەوان لە ناو قوتابخانەکانی شیاندنەوە، بەتایبەت کاتێک نەوجەوان بە هۆکارێکی تەندروستی و دەرونییەوە توشی لادان و سەرپێچی بوبێت پێویستی بە چاودێری زیاترە. هەمو نەوجەوانێک پێویستە لە سەرەتای داخڵبونی بۆ ناو قوتابخانەکانی شیاندنەوە پشکنینی گشتی بۆ بکرێت بۆ ئەوەی لەلایەن کارمەندانەوە ئاشنابن بە بارودۆخی تەندروستی. پاشان پشکنینی دەرونی بۆ هەڵسەنگاندنی بارودخی دەرونی و پشکنینی وەرزی و دابینکردنی دەرمان بۆ چارەسەریەکانی، لەگەڵ ڕەوانەکردنی نەخۆش بۆ نەخۆشخانەکانی دەرەوە لە حاڵەتی پێویستدا بە یەکێک لە مافە سەرکیەکان دادەنرێت. (غباری،٢٠٠٦: ٢٤٨)

چاودێری تەندروستی تەنها لە چارەسەری ئەو نەخۆشانەدا خۆی نابینێتەوە کە ڕۆژنە توشی تاکەکەنی ناو ئەو قوتابخانەیە دەبێت، بەڵکو لە گرتنەبەری هەمو ئەو ڕێوشوێنە خۆپارێزی و ئەو ڕژاندنە وەرزیانەی کە لەلایەن تیمە تەندروستییەکانی سەر بە تەندروستی ناوچەکە ئەنجام دەدرێت، بایەخدان بە پاکوخاوێنی ژورەکان، پاکوخاوێنی لاشەی نەوجەوانان، ئەنجامدانی وەرزش، سەرپەرشتیکردنی خواردن، بەرکەوتنی خۆر بۆ جەستە و هەبونی هەواگۆڕکێ هەمویان دەچنە چوارچێوەی هەنگاوەکانی خۆپاراستن.

بایەخدان بەلایەنی دەرونی نەوجەوانان گرنگی خۆی هەیە و ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لە شیاندنەوەی نەوجەوانان، ئەمەش وادەکات پارێزگاری بە تەندروستی دەرونیان بدرێت و کۆمەڵگەش دوربکەوێتەوە لە بڵاوبونەوەی ئەو کێشانەی بەهۆی ئەم لایەنەوە ڕودەدەن. وەزیفەی توێژەرانە، ئەو نەوجەوانانەی کە دەناڵێن بە دەست نەخۆشی یان ناجێگیریەکی دەرونی، دوای بینینی لەلایەن پزیشکی پسپۆڕەوە سەرپەرشتی و چاودێری بکرین، بۆ ئەوەی بتوانرێت سود لەو بەرنامەنە وەربگرن کە پێشکەش دەکرێت، و ئەو میکانیزمانە بگرنەبەر کە نەوجەوان هەوڵی خۆگونجاندن دەدات لەگەڵ چواردەور و ژینگەی کۆمەڵایەتی و شوێنی کارکردنی لە دەرەوە.(سيد،٢٠١٢: ٣١٠)

لەم ڕووەوە زیندانیان مافی بە دەستهێنانی بەرزترین ئاستی تەندروستی جەستەیی و دەرونیان هەیە بێ هیچ بەرامبەرێک. هەروەها لەکاتی پێویستدا مافی ئەوەیان هەیە بۆچونی پزیشکی دوەم وەربگرن لەسەر تەندروستیان، هەروەها پێویستە لەسەر قوتابخانەکانی شیاندنەوە شوێنی تایبەت و جیاکراوەی هەبێت بۆ نەخۆشی گوازراوە یان نەخۆشی ژیرپی لە ژێر چاودێری پزیشکی پسپۆڕدا. (مفوضية الأمم المتحدة لحقوق الأنسان،(٢٠٠٤)، رقم ١١،الإضافة ٣، ٨-٩)

**٥-٤-مافی پەیوەندیکردن بە دەرەوە**

یەکێک لە مافە گرنگەکان بۆ نەوجەوانان بریتییە لە پەیوەندیکردن بە جیهانی دەرەوە، ئەم مافە یەکێکە لەو مافە گرنگانەی کە بایەخی تایبەتی هەیە بۆ ژیانی نەوجەوان و بەستنەوەی بە کۆمەڵگەی دەرەوە، بۆ ئەوەی نەوجەوان دانەبڕێت لە دنیای دەرەوە. ئەم پەیوەندیە ئەنجام دەدریت لە ڕێگەی نامەنوسین، پەیوەندی تەلەفونی، سەردانیکردنی خێزان و کەس و کار، وەرگرتنی مۆڵەت بۆ چونە ناو خێزان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن. لە ڕێگەی ئەم پەیوەندیانەوە نەوجەوان هەوڵدەدات لە ئامادەباشی بەردەوامدابێت بۆ خۆئامادەکردنی بە دنیای دەرەوە، چونکە نەوجەوانان سزای(اعدام - هەتاهەتای)یان نیە و هەرچەندە لە قوتابخانەکانی شیاندنەوە بمێننەوە لەکۆتایدا ئازاددەکرێن.

بەم هۆیەوە یەکێک لە ئەرکەکانی توێژەر لەناو قوتابخانەکانی شیاندنەوەی نەوجەوانان بریتییە لە دروستکردنی پەیوەندی بۆ ئەو نەوجەوانانەی کە پەیوەندیان بە کۆمەڵگەی دەرەکیەوە نیە. لەبەرامبەردا ئەو نەوجەوانانەی پەیوەندیان هەیە پەیوەندییەکانیان باشتر بکرێت و فراوانتر بکرێت.

وەرگرتنی مۆڵەت بۆ چونە ناو خێزان بەپێی سیستمی ژمار(٣)ی وەک لە ماددەی (١٢)دا هاتوە، نەوجەوان دەتوانیت بەشێوەیەکی فەرمی لە ساڵێکدا دوجار مۆڵەتی چونە ناو خێزان وەربگرێت.(نظام رقم (٢) لسنة (١٩٨٨)، نظام مدارس تأهيل الأحداث، مادەی-١٢) بۆنمونە لە کاتێکدا ئەندامێکی خێزانەکەی بەدەست نەخۆشییەکی سەختەوە بناڵێنێت و نزیک بێت لە مردن، یان وەرگرتنی مۆڵەتە بۆ بەشداری کردن لە تاقیکردنەوەکان یان بەشداریکردن لە ئاهەنگێکی هاوسەرگیری دا دەتوانیت بەشداری بکات و مۆڵەت وەربگرێت.(عبدالفتاح،٢٠٠٩: ٢٠٢)

**٥-٥-مافی خوێندن**

یەکێک لە مافە تایبەتییەکانی نەوجەوانان تایبەت بە قوتابخانەکانی ڕاهێنان بریتییە لە خوێندن، کە ڕۆڵی سەرەکی دەبێت لە شیاندنەوەی نەوجەوانان بۆ ناو کۆمەڵگە و بە مافێکی سەرەکی دادەنرێت بۆ نەوجەوانان. لە ڕێی خوێندن و فێرکردنەوە نەوجەوانان ئاشنادەکرێن بە زانست و زانیارییە تازەکان، ئاستی دەرونی و کۆمەڵایەتی تاک بەرزدەکاتەوە،

وای لێدەکات هەستی خۆ بەکەم زانینی تیادا نەمێنێت، دوری دەخاتەوە لە ئینکاری. وا لە نەوجەوان دەکات کە بگەڕێت بە دوای چارەسەرکردنی کێشەکان.

لەسەر وەزراەتی پەروەردە پێویستە بەکردنەوەی قوتابخانەی پێویست لەناو دامەزراوە چاکسازییەکان، کە سەر بەو وەزارەتە بن، مامۆستای شارەزا و ڕێنماییەکان لەوانەوە وەربگرن بەپێی پێویست.(دليل التشريعات القانونيه الخاصهبدائرة الأصلاح العراقية،٢٠١٢: ١٠٦) ئەو بروانامانەی وەریدەگرن هاوتا بێت لەگەڵ قوتابخانەکانی دەرەوە و هیچ کێشەو گرفتێکیان نەبێ بۆ درێژەدان بە خوێندن لەدوای ئازادکردنیان.

**٥-٦-مافی سکاڵا**

هەبونی مافی سکاڵا و بینینی پارێزەی بە یەکێک لە مافە سەرەکیەکانی زیندانیان دادەنرێت لە پێناو چەسپاندنی دادوەریدا. نەوجەوانان پێویستە هەمو جۆرە کارئاسانییەکیان بۆ بکرێت بۆ ئەوەی بتوانن بەرگری لە خۆیان بکەن و دەستیان بە خێزان و ڕاوێژکاری یاسایی و نوێنەرانی یاسایی بگات. بەهۆی ئاستی تەمەن، پێنەگەیشتن و نەبونی ئەزمونی لە بواری کردەی لادان و تاوانکاریدا، ڕەنگە نەوجەوانان نەتوانن خۆیان پارێزگاری لە کێشەکەیان بکەن، یان هەست بەو کەلێن و بۆشاییانە بکات کە لە ڕوبەڕوبونەوەی تۆمەتەکەیدا ئاراستەی کراوە.

**٥-٧-پەروەردەی ئاینی و ڕەوشتی**

مەبەست لە پەروەردە واتە چاندن و پەرەپێدانی خوڕەوشت و بەهای باڵا و هەڵسوکەوتی جوان، ئەم پەروەردەیە لەلایەنی ئاینی بێت یان لایەنی ڕەوشتی هەردوکیان پێکەوە دەتوانن کاریگەری پۆزەتیف لەسەر ژیانی نەوجەوانان دروست بکەن.

(پەروەردەی ئاینی) بێگومان ئاین کاریگەری تەواوی هەیە لەسەر پەروەردەکردنی تاکەکان، بەتایبەت نەوجەوانان. لەبەرئەوەی ئاین جۆرێک لە پابەندی تێدایە کە نابێت هیچ کەسێک دەستدرێژی بکاتە سەر ماڵ و کەسی بەرامبەر. پەروەردەی ئاینی فێری پابەندبون بە بەها باڵاکان و ڕەوشتە بەرزەکان دەکات کە ئەگەر تاک پێوەی پابەندبێت نەک توشی لادان نابێت، بەڵکو دەبێتە نمونەیەکی جوان لە کۆمەڵگەدا و خەڵکی چاوی لێدەکەن. (عبدالخالق،١٩٩٩: ٢٣٦)

(پەروەردەی ڕەوشتیی) مەبەست لە پەروەردەی ڕەوشتی چاندن و پەرەپێدانی بەها ئەخلاقییەکانە لە ڕۆحی سپێردراواندا، تا ئەو ڕادەیەی کە خۆی بەدوربگرێت لەو ڕێگایانەی بەرەو تاوانی دەبات، نزیکی دەخاتەوە بۆ ڕێگەی چاکسازی وەک ئامادە کارییەک بۆ دەستپێکردنەوەی ژیانێکی نوێ دوای ئازادکردنی.

پەروەردەی ڕوشتی بەتەنها کەس ولایەنێک ناکرێت، بەڵکو پێویستمان بەهەمەڕەنگیەک لە پسپۆڕییەکانی بواری ئەخلاق و دەرونناسی و پەروەردە و سزادان هەیە بۆ ئەوەی هەریەکە و لە ڕوانگەی خۆیەوە بنەما ڕەوشتیەکان باس بکات.

**٥-٨- چاودێری دواتر**

چاودێری دواتر خزمەتگوزارییەکە و شێوازێکە بۆ چارەسەری سزایی کە دوای ئازادکردنی سپێردراوەکە بەکاردەهێنرێت، بۆ بەردەوامبون لە چاکسازیی و تەواوکاری بەرنامەکانی چاکسازی کە نەوجەوان وەریگرتوە و یارمەتی دەدات بۆخۆگونجاندن و دروستکردنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی لە کۆمەڵگەی دەرەوەدا. هەروەها ئامرازێکی کردارییە بۆ پاراستنی کۆمەڵگە لە ڕێگەی سەقامگیری و تێکەڵبون و گونجاندن لەگەڵ کۆمەڵگەکەیدا لەژێر چاودێری و هاوکاری توێژەری کۆمەڵایەتیدا، بەم هۆیەوە لەلایەن هەندێکەوە ناودەبرێت بە چاودێری چاکسازی.(حبيب و العربي، ٢٠١١: ٢١١)

یاسای چاودێری نەوجەوانان بە ژمارە (٧٦)ی ساڵی (١٩٨٣) بایەخی تایبەتی داوە بە چاودێری دواتر، وەک یەکێک لە ئەرکە گرنگ و تەواوکارییەکانی چاکسازی دایناوە لە ماددەکانی (٩٩)بۆ(١٠٧)باسی سەرجەم ڕێکارەکانی کردوە.

شێوازەکانی چاودێری دواتر خۆی دەبینێتەوە لە چاودێری کۆمەڵایەتی لە شوێنی مانەوەی نەوجەوانان و سەردانی و بەدواداچون بۆ خێزانی نەوجەوانەکە، پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە خێزانەکەی، بیمەی ئابوری بۆ نەوجەوان

بەمەبەستی دابینکردنی جلوبەرگ یان گەشەی پیشەیی نەوجەوان بەمەبەستی زیادکردنی داهاتەکەی، هەروەها پێشکەشکردنی گەرەنتی دەرونی بۆ نەوجەوان، بە پاڵپشتیکردن و یارمەتیدانی بۆ دەربڕینی هەست و سۆز و ترسەکانی، و ڕزگاربون لەو ململانێ دەرونییەی لەناو خۆیدا هەیەتی.جگە لە بایەخدان بە چاودێری تەندروستی بۆ نەخۆش، و گەرەنتی خوێندن و بەدواداچونی ئاستی خویندنی و سەلماندنی بەڵگەنامە بەپێی پلانی پەروەردە.(حسن، ٢٠٠٩: ١٤١)

هەمو ئەم خاڵانەباس لە پێواژوی پاراستنی منداڵ دەکات لەناو دامەزراوە چاکسازییەکان لە جیهاندا و عێراق و کوردستانیش دەگرێتەوە، پێویستە بە شێوازێکی باشتر ئەم تایبەتمەندیانە لە ناو دامەزراوە چاکسازییەکاندا بونی هەبێت، هەروەها هەڵسەنگاندنی پێواژوی پاراستنی منداڵیش لەم توێژینەوەیەدا لەسەر ئەو بنەمایانە هەڵسەنگێنراوە.

## دەروازەی دوەم: لایەنی مەیدانی

### ١- میتۆدی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی چەندایەتییە، بۆکۆکردنەوەی زانیارییەکان ڕوپێوی گشتی و تێبینی بەکارهاتوە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکەمان پێکدێت لەسەرجەم چاکسازییەکانی ژنان و منداڵان لە هەرێمی کوردستان (سلێمانی، هەولێر، دهۆک) کە ژمارەیان (٣)سێ چاکسازییە. نمونەی توێژینەوەکەمان سەرجەم منداڵانە کە لەلایەن دادگاکانەوە سپێردراون بە قوتابخانەکانی ڕاهێنان، ژمارەیان (٤٠ نەوجەوانە) ، (٣٨) لەوانە لە ڕەگەزی نێرن و (٢) یان لە ڕەگەزی مێیە. لەم توێژینەوەیەدا فۆڕمی ڕاپرسی بە شێوازی مقیاس (پێوانە) و تێبینیکردن بەکارهاتوە بۆ کۆکردنەوە زانیارییەکان.

### ٢. ڕاستگۆیی ئامرازی توێژینەوەکە:

لەم قۆناغەدا فۆڕمی ئامادەکراو ئاراستەی چەند پسپۆڕێک کرا، بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی فۆڕمەکە، تا بۆچونی خۆیان لەسەر بڕگەکان بخەنەڕو، دوای وەرگرتنەوەی فۆرمەکان و جێبەجێکردنی ئەو تێبینی و گۆڕانکارییانەی پسپۆڕان لەسەر فۆرمەکە خستبویانەڕو، کۆی گشتی پرسیارەکانی تایبەت بە دامەزراوەکە بو بە (١٥) پرسیار و بڕگەکانی تایبەت بە توێژینەوەکەش (٤٤) بڕگە، ئەنجامی پێوەرکەش (٩٥.٣١)، ئەمەش ئاستێکی گونجاوە بۆ جێبەجێکردن.

### ٣. جێگیری:

بەمەبەستی زانینی جێگیری فۆڕمی ڕاپرسی لەبەرنامەی (Statistical Package For Social Sciences – S.P.S.S) کرداری (ئەلفا کرۆنباخ) بەکارهێنرا، ئەنجامەکەی لەم خشتەیەی خوارەوەدا خراوەتەڕو:

خشتەی (١)

ئەنجامی جێگیری فۆڕمی ڕاپرسی

| پێوەر | ژمارەی بڕگە | بەهای (ئەلفا کرونباخ) | دابەشکردنی نیوەیی |
|---|---|---|---|
| پێوەری پاراستنی منداڵ | 45 | 0.75 | 0.80 |

بەوجۆرەی لە خشتەکەدا دەردەکەوێت، جێگیری فۆڕمی ڕاپرسییەکە بەپێی کرداری ئەلفاکرونباخ دەکاتە (0.75)، هەروەها بەپێی کرداری دابەشکردنی نیوەیی دەکاتە (0.80)، ئەمەش مانای ئەوەیە فۆڕمەکە ئاستێکی بەرزی جێگیری هەیەو گونجاوە بۆ جێبەجێکردن.

### ٤. ئامرازە ئامارییە بەکارهاتوەکان

١. ناوەندە ژمێرەیی: بۆ زانینی ئاستی بڕگەکان بەکارهاتوە.

٢. لادانی پێوەری: بۆ زانینی لادان لە خاڵی ناوەند بەکارهاتوە.

٣. هاوکێشەی ئەلفا کرونباخ: بۆ دەرهێنانی پلەی جێگیری تەوەرەکانی پرسیارنامەکە بەکارهاتوە.

٤. هاوكێشـەی (ت) بـۆ یەک سـامپڵ: بـۆ زانیـنی جیـاوازی نێـوان ناوەنـدە ژمـێرەیی گریمـانەیی و ناوەنـدە ژمـێرەیی هەژمارکراو بەکارهاتوە.

**٥. خستنە ڕوی داتاکان بەپێی ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

لە ڕوی زانیارییەکانی نمونەی توێژینەوەکە(٤٠) نەوجەوان بوە،(٣٨)یان ڕەگەزی نێر و (٢) یان ڕەگەزی مێ بوە. لە جیهانـدا جیـاوازی ژمارەی نێـوان دو ڕەگەزەکە لە چاکسـازییەکان لەئاسـتێکی بەرزدا دەبینرێـت. لە بەریتانیا ژنـان تەنیا بەنـزیکەی(٣%)ی کـۆمەڵگەی بەنـدینخانەکان پێـک دەهێـنن، جیـاوازیەکی زۆر لەنێـوان جـۆری تاوانەکانـدا هەیە. تاوانەکانی ژنـان تونـدوتیژی کەمترە، و تاوانەکانیـان بچـوکن وەک هەڵگرتنی کەلـوپەل لە فرۆشگا، ئەو سـەرپێچیانەی پەیوەنـدیان بە سیسـتمی گشـتیەوە هەیە وەک سـەرخۆش بـون یـان لەشـفرۆشی(گیدنز،٢٠٠٩: ٢٠٥). دەرکەوتـوە تاوانەکانی ژنـان (5%) تاوانەکـان پێـک دەهیـنن، ژنـان لە هەنـدێک جـۆری تاوانـدا، ڕێژەیـان لە پیـاوان زیـاترە وەک (لەباربردن، گەنـدەڵی، جـادوگەری، دەروەزەکـردن) ئەم جـۆرە تاوانـانە تـاوانگەلێکن کە پەیوەنـدیا بە سروشـتی ژنـانەوە هەیە لە ڕوانگەی زینـدەزانی و فیسـۆلۆژی و کۆمەڵایەتیەوە، ئەم جـۆرە تاوانانە پێیان دەوترێـت تـاوانی شـاراوە و ناگاتە دەست پۆلیس بۆیە ئاماری تاوانی ژنان کەمترە.(نصرالله، ٢٠١٦: ٢٦٥).تاوانەکانی توند و تیژی و لێدان و بریندارکردن و وێرانکاری لەلای ژنـان لەکەمترین ئاسـتدایە، لە بەرامبەر تاوانەکانی دزینی پـارەو ئـاڵتون و ناپـاکی کـردن لە ئەمـانەت و شاهیدی ساختە و سویند خواردنی درۆ و تاوانی ئاودیوکردن.(بۆکانی، ٢٠٠٢: ٤٥)

هەروەهـا زۆرینەیـان لە تەمەنی(١٧-١٨) سـاڵیدا تـوشی لادان بـون بەرێـژەی (٦١.٤%). تەمەنە لەگـرنگترین تایبەتمەندیەکانی مرۆڤە کە ڕەنگدانەوە و کاریگەری لەسەر هەمو هەڵسوکەوتەکانی هەیە.(البقلی،٢٠٠٦:٦٠) بەپێی تۆماری ئامارەکانی تاوانکاری، کردەی تاوانکاری لە تەمەنی (١٢ساڵ)ی بەرەو تەمەنی (١٨ساڵ)ی بەرێژەی زیاد دەکات، کە تاوانەکانیش خۆی دەبینیتەوە لە(دزیکردنزیان گەیاندن بە جەستە، شەڕکردن، تاوانی ڕەوشتی).(نجم،١٩٩١: ٥٧) ، پیشـەیان کاسـب بـوە لە ڕوی خوێنـدنەوە لە ئاسـتی بنەڕەتیـدا بـون، زۆرینەیـان دانیشـتوی دەرەوەی شـارەکان بـون لە پارێزگاکانی (سلیمانی- هەولێر- دهۆک) ماوەی سزاکەشیان زۆرینەیان لە نێوان (٣مانگ – ٥ساڵ) بوە.

**ئامـانجی یەکەم: دەرخسـتنی ئاسـتی پاراسـتنی منـداڵ لە قوتابخانەکانی شـیاندنەوە:** بەمەبەسـتی هێنـانەدی ئەم ئامانجە، بەراوردی نێوان ناوەندی ژمێرەی گریمانی و ناوەندی ژمێرەی هەژمارکراو دەکەین، ئەگەر ناوەندی ژمێرەی هەژمـارکراو گەورەتـر بـو لەناوەنـدی ژمێرەی گریمـانەی، واتە ئاسـتی پاراسـتنی منـداڵ لە قوتابخانەکانی شـیاندنەوە لە ئاستێکی باشدایە. بەڵام ئەگەر ناوەندەژمێرەی هەژمارکراو بچوکتر بو، واتە پاراستنی منداڵ لە قوتابخانەکانی شیاندنەوە لە ئاستێکی باشدا نیە. لەم خشتەیەی خوارەوەدا ئەنجامەکان خراوەتەڕو:

خشتەی (٢)

ناوەندی ژمێرەی هەژمارکراو بۆ یەک نمونە بۆ زانینی ئاستی پاراستنی منداڵ لە قوتابخانەکانی شیاندنەوە

| تەوەر | ناوەندەژمێرەی گریمانی | ناوەندەژمیرەیی هەژمارکراو | لادانی پێوەری | ئاستی بڕگە |
|---|---|---|---|---|
| پێوەری پاراستنی منداڵ | 132 | 170.98 | 11.515 | بەڵگەدارە |

بەوجـۆرەی لە خشـتەکەدا دەردەکەوێـت، لەبەرئەوەی ناوەنـدی ژمـێرەیی هەژمـارکراو گەورەتـرە لە ناوەنـدەژمێرەیی گریمـانەی، کەواتە پاراسـتنی منـداڵان لە قوتابخانەکـانی شـیاندنەوە لە ئاسـتێکی بەرزدایە، ئەمەش بە مانـای ئەوەیە

نەوجەوانـانی سـپێردراو بە قوتابخانەکـان ڕازیـن لە زۆرێـک لەو پێداویسـت و ڕێکـارانەی کە بۆیـان دابینکـراوە لە قوتابخانەکاندا هەر لە ڕوی پێشوازی کردن و ئەو مافانەی کە پێویستە بۆیان دابینبکرێت لە ڕوی تەندروستی و مافی سەلامەتی جەستەی، بەرنامە پەروەردەی و ڕەوشتیەکان، دابینکردنی ژیانێکی شایستە، پەیوەندیکردن بە دنیای دەرەوە، مافی خوێندن.بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەلایەن توێژەرەوە تێبینی کرا کە هیچ یەکێک لەم چاکسازییانە بینای تازەیان نیە و ناکرێت بە بێ بونی بینا و جیاکردنەوەی بەشەکان لە یەکتری وجیاکردنەوەی نەوجەوانان (پۆلێنکردنی زانستی بەپێی تەمەن و جۆری تاوان) بڵێین پاراستنی منداڵ بەشێوەیەکی باش جێبەجێدەکرێت. بینای قوتابخانەکانی شیاندنەوە کاریگەری گەورەی هەیە لە سەر پلانی شیاندنەوەی نەوجەوانان، پێویستە بینای دامەزراوەکە لە هەمو ڕویەکەوە مەرجی تەندروستی تیدابێت، بەتایبەت لە ڕوی ڕوبەر، هەواگۆڕکێ، ڕوناکی، تەوالێتەکان، پاکوخاوێنی. ئەو شوێنانەی بۆ نوستن دیاریکراون، دەبێت لە ڕوی ڕوبەرەوە گونجاوبێت لە گەڵ ژمارەی نەوجەوانانندا و بڕی پێویست هەواگۆڕکێ و ڕوناکی تێبکەوێت. ئەو شوێنانەشی کە بۆ کارکردن، خواردن ئامادەکردن، کات بەسەربردن دیاری کراون، پێویستە پەنجەرەی گەورەیان هەبێت و بڕێکی پێویست ڕوناکی و هەواگۆڕکێ، تیایدا ڕوبدات، بە دوربن لە هەر جۆرە مەترسییەک کە بەم هۆیانەو دروست ببێت.(سلوی و السید،ب.ت: ٣٤٤)

هەروەها لەڕوی یاسای نەوجەوانان، ئەم یاسایەی ئێستا زۆر کۆنەو یەکێکە لەبەربەستەکانی بەردەم پاراستنی نەوجەوانان و لە ئێستادا یاساجێگرەوەکان لەزۆربەی وڵاتان بۆ نەوجەوانان پەیڕەو دەکرێت.واتە بەدابینکردنی هەندێک لە پێداویستییەکان مانای ئەوە نییە کە ئەم پرۆسەیە بەباشی بەڕێوەدەچێت، بەڵکو چەندین کەموکورتی تێدایە.

**ئامانجی دوەم: دەرخستنی شێوازەکانی مامەڵەکردنی کارمەندان لەگەڵ ئەو منداڵانەی لە قوتابخانەکانی شیاندنەوەن:**

بەمەبەستی هێنانەدی ئەم ئامانجە، سەرەتا ئەو بڕگانەمان دیاریکرد کە تایبەتە بە مامەڵەی کارمەندان لەگەڵ ئەو منداڵانەدا، کە بڕگەکانی (٧، ٨، ١٠، ١١، ١٩، ٢٢، ٢٣، ٢٤، ٢٥)، پاشان بەراوردی نێوان ناوەندەژمێرەیی گریمانی و ناوەندی ژمێرەی هەژمارکراو دەکەین. بۆنیشاندانی شێوازی مامەڵەی کارمەندان، ئەنجامەکەی لەم خشتەیەی خوارەوەدا خراوەتەڕو:

خشتەی (٣)

ئەنجامی ناوەندی ژمێرەی بۆ یەک نمونە بۆ دەرخستنی شێوازەکانی مامەڵەکردنی کارمەندان

| ژ | بڕگە | ناوەندە ژمێرەی گریمانەی | ناوەندە ژمێرەیی هەژمارکراو | لادانی پیوەری | ئاستی بڕگە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | لە کاتی ئیجرائاتی تەمبێکردنم ڕێزی تەمەنی منداڵیم دەگیرێت. (٧) | 3 | 3.88 | 0.822 | لەگەڵیدام |
| ٢ | لە کاتی ئیجرائاتی تەمبێکردنندا دادپەروەری و مافمان لەبەرچاودەگیرێت. (٨) | 3 | 3.78 | 0.862 | لەگەڵیدام |
| ٣ | ڕێو شوێنی تەمبێکردنم بەپێی یاسا | 3 | 3.73 | 1.086 | لەگەڵیدام |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | نوسراوەکانە. (١٠) | | | | |
| ٤ | سزادانم لە بەرامبەر سەرپێچیەکاندا بوە. (١١) | 3 | 3.98 | 0.660 | لەگەڵیدا |
| ٥ | وەک مرۆڤێک ڕێزم پارێزراوە. (١٩) | 3 | 4.38 | 0.667 | زۆر لەگەڵیدام |
| ٦ | هەست بە ترس ناکەم لەناو چاکسازیدا. (٢٢) | 3 | 4.03 | 0.920 | زۆر لەگەڵیدام |
| ٧ | لە شایستەی سزاکە بەرامبەر هۆکاری سزادانەکە ڕازی نیم. (٢٣) | 3 | 2.70 | 1.181 | بێ لایەنم |
| ٨ | لەلایەن کارمەندان بە شێوەی زارەکی سوکایەتیم پێکراوە. (٢٤) | 3 | 3.48 | 1.240 | لەگەڵیدانیم |
| ٩ | کارمەندان بەشێوەیەکی مرۆڤانە مامەڵەم لەگەڵ دەکەن. (٢٥) | 3 | 3.95 | 0.959 | لەگەڵیدام |
| | شێوازی مامەڵەی کارمەندان | 27 | 33.88 | 4.404 | - |

بەوجۆرەی لە خشتەکەدا دەردەکەوێت لە زۆربەی بڕگەکاندا بەهای ناوەندەژمێرەیی هەژمارکراو زیاترە لە بەهای ناوەندە ژمێرەیی گریمانی ئەمەش واتە لەو بڕگانەدا منداڵانی قوتابخانەکانی شیاندنەوە ڕازین لە مامەڵەی کارمەندەکان. بەڵام لە بڕگەی (٢٣) ناوەندەژمێرەیی هەژمارکراو بچوکترە لە ناوەندەژمێرەیی گریمانی و ئاستی بڕگەکە (بێلایەنم) وەرگرتوە، واتە لەو بڕگەیەدا منداڵانی قوتابخانەکان بۆچونی خۆیان نەخستۆتەڕو، دەکرێت ئەمەش جێگەی پرسیاربێت، لەم ڕوەکەم و کورتی هەبێت لە ناو قوتابخانەکانی شیاندنەوە و ڕەنگە چەند تایبەتمەندییەک لە پشت بژاردەکانی ئەم بڕگەیەوە بێت. بەڕای توێژەر لە ئەنجامی شارەزایی و ئەو تێبینیانەی هەمان بوە لە چاکسازییەکاندا هەندێک لە نەوجەوانان بە هۆی باشی هەڵسوکەوت و ڕەفتاریان ڕوبەڕوی هیچ جۆرێک لە مامەڵەی تەمبێکردن نەبونەتەوە و لەم ڕوەوە بژاردە ڕاستەکە ئەوەیە کە پێویستە(بێ لایەنم) هەڵبژێرن، چونکە هیچ جۆرە سزایەک نەدراون. هەندێکی تر لە نەوجەوانان دەکرێت لە مامەڵەی کارمەندان ڕازی نەبن بەڵام نەیانەوێت بیروڕای خۆیان بخەنەڕو، بترسن لە ئاشکرا بونی وەڵامەکانیان. بەڵام هەندێ جار نەوجەوانان سکاڵای ئەوە دەکەن کە ئەگەر یەکێکی تر ئەو سەرپێچیانە بکات بەم شێوەیەی ئەوان سزا نادریت و لێرەدا ڕابردوی شەڕو ئاژاوەکانی ناو قوتابخانەکە ناکەنە هۆکارێک بۆ جۆری سزاکەو هەوڵی شاردنەوەی دەدەن و لە بەرامبەردا ئەم بژاردەیان دەبێت، چونکە جۆری سزاکان بەپێی جۆری کەسایەتی سپێردراوان و پێشینەی ڕەفتاری ئاژاوەگێریان گۆڕانکاری بەسەردا دێت.

بەڵام لە بڕگەی(لەلایەن کارمەندان بە شێوەی زارەکی سوکایەتیم پێکراوە) ئەم بڕگەیە نەرێنیە و ناوەندەژمێرەی هەژمارکراو گەورەترە لە ناوەنی ژمێرەی گریمانەیی لای منداڵان ئاستی (لەگەڵیدانیم)ی وەرگرتوە. کەواتە لەلایەن کارمەندان بە شێوازێکی زارەکی سوکایەتی بە منداڵان ناکرێت و ئەمەش ئاماژەیەکی باشە بۆ لایەنی دەرونی و کەسێتی منداڵ و لەگەڵ بنەماکانی پاراستنی منداڵدا یەکدەگریتەوە.

بەتێبینیکردن و ئەزمونی چەندین ساڵی توێژەر دەردەکەوێت، کە ستافی تایبەت بە نەوجەوانان دانەمەزراوە، بەڵکو ئەوەی هەیە بریتییە لەو ستافانەی کە چەندین ساڵە لەم بوارەدا کاردەکەن و ڕاهێنانیان پێکراوە کە تاچەند توانیویانە سود لەو ڕاهێنانە وەربگرن، و لەبوار واقعدا جێبەجێیبکەن بەشێوازێکی باش مامەڵەبکەن. ئەمەش دەکەوێتە سەر تواناو شارەزایی و ڕۆشنبیری فەرمانبەرەکان.

**ئامانجی سێیەم: دەرخستنی ئاستی پێداویستیەکانی دامەزراوەکە بۆ منداڵان لە قوتابخانەکانی شیاندنەوە:**

٣- دەرخستنی ئەو پێشێلکاریانەی کە دێتە ڕێی پاراستنی منداڵان لە ڕوی دامەزراوەییەوە.

بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە سەرەتا ئەو بڕگانەمان دیاری کرد کە تایبەتە بەو پێشێلکارییانەی دێتە ڕێیی پاراستنی منداڵان لە ڕوی دامەزراوەییەوە، کە بڕگەکانی (٦، ٩، ١٧، ١٨، ٢٧، ٢٨، ٢٩، ٣٠، ٣١، ٣٢، ٣٣)، پاشان هەوڵدرا بەهای ناوەندەژمێرەیی هەژمارکراو بدۆزینەوە، ئەنجامەکەی لەم خشتەیەی خوارەوەدا خراوەتەڕو:

خشتەی (٤)

| ژ | بڕگە | ناوەندە ژمێرەی گریمانەی | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پیوەری | ئاستی بڕگە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | لەکاتی هاتنم بۆ ناودامەزراوەکە ڕێنماییەکانم بەتەواوی بۆ ڕونکراوەتەوە. (٦) | 3 | 4.45 | 0.552 | زۆر لەگەڵیدام |
| ٢ | کەس و کارم لە گۆڕانکاری بارودۆخم لەدامەزراوەکەدا وەک (نەخۆشی، زامداربون، گواستنەوە) ئاگادار دەکرێنەوە. (٩) | 3 | 4.33 | 0.917 | زۆر لەگەڵیدام |
| ٣ | لە باشی و پاکوخاوێنی خواردنەکان ڕازیم. (١٧) | 3 | 4.18 | 0.675 | لەگەڵیدام |
| ٤ | لە شیاوی ئاوی خواردنەوە ڕازیم. (١٨) | 3 | 4.60 | 0.496 | زۆر لەگەڵیدا |
| ٥ | مرافقی صحی گونجاومان هەیە. (٢٧) | 3 | 3.95 | 0.815 | لەگەڵیدام |
| ٦ | ژورەکەم بەپێی ژمارەی زیندانییان گونجاوە. (٢٨) | 3 | 4.15 | 0.949 | لەگەڵیدام |
| ٧ | جل و بەرگەکەم گونجاوە. (٢٩) | 3 | 4.23 | 0.577 | لەگەڵیدام |
| ٨ | ئامراز و کەلوپەلی کات بەسەربردن بۆمان بەردەستە. (٣٠) | 3 | 3.83 | 0.984 | لەگەڵیدام |
| ٩ | بڕیاردان و پەرۆشی بۆ باری تەندروستیم وەکو پێویستە. (٣١) | 3 | 4.25 | 0.439 | زۆر لەگەڵیدام |
| ١٠ | پزیشکیی ددان لە دامەزراوەکەدا وەک پێویست بایەخمان پێدەدات. (٣٢) | 3 | 3.73 | 0.960 | لەگەڵیدام |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١١ | پزیشـــــــکی دەرونی لە دامەزراوەکەدا وەک پێویست بایەخمان پێدەدات. (٣٣) | 3 | 4.25 | 0.494 | زۆر لەگەڵیدام |
| | (دابینکردنی پێداویستی دامەزراوەکە | 33 | 45.93 | 3.518 | - |

ئەنجامی ناوەندی ژمێرەی بۆ یەک نمونە بۆ دەرخستنی شێوازەکانی مامەڵەکردنی دامەزراوەکە

بەوجۆرەی لە خشتەکەدا دەردەکەوێت، بەهای ناوەندەژمێرەیی هەژمارکراو گەورەترە لە ناوەندەژمێرەیی گریمانی مانای وایە شێوازی مامەڵەی دامەزراوەکە شێوازێکی پۆزەتیڤە. ئەمەش مانای ئەم دامەزراوە چاکسازیانە لە ڕوی پێدانی زانیاری و ڕێنماییەکان ناو دامەزراوەکە، لە ڕوی پاک و خاوێنی و خواردن و خواردنەوە، جلوبەرگ، ئامرازەکانی کات بەسەربردن، بایەخدان بە تەندروستی و لایەنی دەرونی، خزمەتگوزارییەکی باش پیشکەش دەکەن کە لە ئاست چاوەڕوانی سپێردراواندایە.

هۆکاری ئەم جۆرە لە مامەڵەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ماوەی چەندین ساڵە لەلایەن وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و بەهاوکاری ڕێکخراوە ناو خۆی و نێودەوڵەتیەکان خول و سیمیناراتی یاسای، دەرونی و کۆمەڵایەتی دەکاتەوە، فەرمانبەران ئاشنا دەکا بە مافەکانی منداڵان لە دامەزراوەکاندا. لە ڕوی خواردن و خواردنەوە وەزارەت بە شێوەیەکی ئاشکرا و یاسایی بانگەواز دەکات بۆ کۆمپانیاکانی تایبەت بە ئامادەکردنی خواردن و لەلایەن کۆمپانیاکانەوە خواردن ئامادە دەکرێت، لیژنەکانی چاودێری بەبەردەوامی و ڕۆژانە سەردانی کۆگا و چێشخانەکانی ناو دامەزراوەکان دەکەن، بۆ ئەوەی بەپێی دەرخستەی تایبەتمەند، خواردنەکان ئامادە بکرێت.

هەندێکجار لەلایەن دامەزراوەکانەوە ناتوانریت کەلوپەلی کات بەسەربردن بۆ منداڵان دابینبکرێت، لەلایەن خێزانەکانیانەوە لەکاتی سەردانیکردنیاندا لە ژێرچاودێری دامەزراوەکەدا ڕێگەپێدانیان بۆ دەکرێت بۆ ئەوەی هەندێک کەلوپەل بێننە ژورەوە.

هەبونی پزیشکی دەرونی لە نەخۆشخانەی چاکسازییەکاندا بەگرنگ دادەنرێت، منداڵانی قوتابخانەکانی شیاندنەوە ئاشنان بەوەی ئەگەر کەسێک نەخۆشی دەرونی یان هەر نیشانەیەکی دەرونیی هەبێت پزیشکی دەرونی دەیبینێت و دۆسیەی تایبەتی بۆ دەکاتەوە و لەکاتی سەردانی کردنی نەخۆشخانەی ناو دامەزراوەکە بەتایبەتی ئەو نەخۆشانە دەبینێت و چاودێری پیواژوی چارەسەرەکانیشی دەکات. بەپێی هەندێک لە توێژینەوەکان لەسەر نەوجەوانای ناو چاکسازییەکان(٩٠%)ی نەوجەوانان تاوانبار گرفتاری کێشەی هەڵچونی بون، لەئەنجامی بەرکەوتنیان بە هەندێک بەربەست یان ئەزمونی هەڵە.(غباری،٢٠٠١: ٩٨)

بەتێبینیکردنی توێژەر شێوازی کوالێتی پێداویستی ناو چاکسازییەکان بۆ منداڵانی جیاوازە. هەندێک لە پێداویستییەکانی نەوجەوانان فەراهەم بوە و هەندێکی تر بەهۆی هەبونی قەیرانە بەردەوامەکانەوە ناتوانرێت وەک پێویست جێبەجێ بکرێت. هەبونی قوتابخانە و بنکەی تەندروستی و خواردن لەو پێداویستیانەن کە بە شێوەیەکی باش دابین کراون. هەرچەندە پێویستە خواردنەکان لەڕوی چۆنیەتی و بەهای خۆراکی بایەخی زیاتری پێبدرێت لەبەر ئەوەی نەوجەوانان لەقۆناغی گەشەدان و پێویستیان بەو خواردنانەیە کە دەوڵەمەندبێت بەڤیتامینەکان و لە ئێستادا بەم جۆرە نییە و لە ڕوی چۆنیەتی و پاک و خاوێنییەوە زۆر باشە.

کوالێتی بینای چاکسازییەکان خراپە و کاریگەری نەرێنی هەیە بۆ سەر پاراستنی منداڵان، ئەمەش وادەکات نەتوانرێت بەشێک لەو پێداویستیانەی کە دەبێت هەبێت لە دامەزراوەکاندا ناتوانرێت دابینبکرێت. قەیرانی ئابوری و بڕیار و ڕێنماییەکانی وەزارەتی دارایی و ڕێگرن لە دابینکردنی هەندێک لەو پێداویستیانەی کە دەبێت بۆ چاکسازییەکان دابین بکرێت.هەندێکجار بۆدابینکردنی بەشێک لە پێداویستییەکان پەنادەبەن بۆ ڕێکخراوەکان بەمەبەستی هاوکاریکردنیان.

## ٦- ئەنجامگیری توێژینەوە:

١. نمونەی توێژینەوەکە (٤٠) نەوجەوان بوە، (٣٨)یان ڕەگەزی نێر و (٢)یان ڕەگەزی مێ بوە. لەوانە زۆرینەیان لە تەمەنی (١٧-١٨) ساڵیدابون، پیشەیان کاسب بوە لەڕوی خوێندنەوە لە ئاستی بنەڕەتیدا بون، زۆرینەیان دانیشتوی دەرەوەی شارەکان بون لەناو پارێزگاکان نیشتەجێنەبون، لەڕوی ماوەی سزاکەشیان زۆرینەیان لە نێوان (٣مانگ – ٥ساڵ) بوە.

٢. ئاستی پاراستنی منداڵان لەقوتابخانەکانی شیاندنەوە لە ئاستێکی باشدایە، ئەم ئەنجامەش نزیکە لە توێژینەوەی(عمار) کە تیایدا سەنتەرەکانی تایبەتمەند بە پاراستن، بە شوێنێکی سەلامەت دادەنرێت بۆ ئەو منداڵانەی مەترسیان لەسەرە. هەروەها نزیکە لە توێژینەوەی (ئەبو حوریە) سەرەڕای هەوڵی دامەزراوە فەرمییەکان پاراستنی منداڵ سنوردارە و بەرزنابێتەوە بەهۆی بێکاری و بێ موچەی.

٣. بینای دامەزراوە چاکسازییەکان خراپ و کۆنن زیاتر لە زیندان دەچێت نەک چاکسازیی، کە هۆکارێکی سەرەکییە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی زانستی منداڵان جیابکرێنەوە لەیەکتری، کە بەربەستێکی گەورەیە بۆ ڕاپەڕاندنی زۆرێک لەچالاکییەکان، هەروەها یاسا بەکاربەرەکان لەبواری نەوجەوانان زۆر کۆنن و پێویستمان بە یاسای نوێ هەیە بۆئەوەی نەوجەوان پارێزراوتر بێت.

٤. شێوازەکانی مامەڵەکردنی کارمەندان لەگەڵ ئەو منداڵانەی لە چاکسازییەکاندان لە ئاستێکی باشی مامەڵەکردندایە. هەرچەندە پێشتر کە ستافی تایبەت بە نەوجەوانان دانەمەزراوە، بەڵکو ئەوەی هەیە بریتییە لەو ستافانەی کە چەندین ساڵە لەم بوارەدا کاردەکەن و ڕاهێنانیان پێکراوە، بەپێی ئاستی کەسایەتی و توانای کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریان سودیان لەو ڕاهێنانە وەرگرتوە، ئەمەش وادەکات لەبواری مامەڵەدا ڕەنگبداتەوە.

٥. شێوازی مامەڵەکردنی دامەزراوەکە ئەو پێداویستایەنی لەلایەن دامەزراوەکەوە دابینکراوە بۆ نەوجەوانان لە ئاستێکی باشدایە. ئەم ئەنجامە نزیکە لە ئەنجامی توێژینەوەی (بلعزوق و بوهراوە) بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری ڕێنمای بۆ خێزانەکان و منداڵان و هەبونی پەیوەندی و بەشداریکردنی دامەزراوەکانی تر لە کۆمەڵگەدا، بە ئامانجی چاودێریەکی گشتگیر بۆ ئەو منداڵانەو تێکەڵاو کردنیان لەناو دامەزراوەکانی تردا.

٦.ماوەی چەندین ساڵە لەلایەن وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و بەهاوکاری ڕێکخراوە ناوخۆی و نێودەوڵەتییەکان خول و سیمیناراتی یاسای، دەرونی و کۆمەڵایەتی دەکاتەوە. لەڕوی خواردن و خواردنەوە بەشێوەیەکی ئاشکرا و یاسایی بانگەواز دەکات بۆ کۆمپانیاکانی تایبەت بە ئامادەکردنی خواردن، و لیژنەکانی چاودێری بەبەردەوامی و ڕۆژانە سەردانی کۆگا و چێشخانەکانی ناو دامەزراوەکان دەکەن. بایەخدان بە لایەنی تەندروستی و دابینکردنی پزیشکی دەرونی یەکێکە لەکارە سەرەکیەکانی نەخۆشخانەی ناو چاکسازییەکان. بایەخدان بە خێزان و دروستکردنەوەی پەوەندییەکان لە کارە سەرەکیەکانیانە. لەگەڵ هەمو ئەمانەشدا هەندێکجار توانای دابینکردنی بەشێک لە پێداویستییەکان نییە، بەم هۆیەوە هەندێکجار پەنادەبەن بۆ ڕێکخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان بەمەبەستی هاوکاریکردنیان.

**٧- ڕاسپاردەکانی توێژینەوە:**

١-گرنگی زیاتر بدرێت بە پاراستنی منداڵ لە قۆناغی پێش دادگایکردن، نوسینگەی خوێندنەوەی کەسایەتی و مانەوەی لە خانەی تێبینی.

٢- بایەخی تەواو بدرێت بە قۆناغی دوای ئازاد بون (چاودێری) پاشینە و کیشە و گرفتەکانیان چارەسەر بکرێت.

٣- گرنگی بدرێت بە پاراستنی منداڵانی ئیشکەر.

**٨- پێشنیارەکانی توێژینەوە:**

١-ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر نوسینگەی خوێندنەوەی کەسایەتی و ڕۆڵی لە پاراستنی منداڵدا.

٢-ئەنجامدانی توێژینەوە لە سەر چاودێری پاشینە و ڕۆڵی لە پاراستنی منداڵان.

٣-هۆکارەکانی دوبارە گەڕاندنەوە نەوجەوانان بۆ لادان.

٤-ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر پەیوەندی منداڵی ئیشکەر و لادانی کۆمەڵایەتی.

**سەرچاوەكان:**


ئەلحەسەن،ئیحسان محمد(٢٠١٨)، ڕابەرانی هزری كۆمەڵایەتی،وەرگێڕانی دانا مەلا حەسەن،چاپخانەی ئەندیشە، چاپی یەكەم، سلیمانی.

بۆكانی،سابیر بكر(٢٠٠٢)، تاوانبار و سزا، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، لا ٤٥

حەسەن، ئیحسان محمد (٢٠١٢)، تیۆرە كۆمەڵایەتیە پێشكەوتوەكان، و. دیدار ئەبوزێد، چاپی یەكەم، هەولیر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

زێباری،طاهر حسۆ(٢٠١٢)، تیۆری هاوچەرخ لە كۆمەڵناسیدا، چاپی یەكەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولیر.

گیدنز، ئەنتۆنی،(٢٠٠٩)، كۆمەڵناسی، و.حەسەن ئەحمەد مستەفا، چاپی یەكەم ، هەولێر، چاپخانەی ئاراس.

مەنوفی،كمال(٢٠٠٧)، تیۆرەكانی سیستمە سیاسیەكان، وەرگێڕانی ئاوات ئەحمەد، چاپی یەكەم، چاپخانەی یاد

أبوتوته،عبدالرحمن محمد(١٩٩٩)، علم الإجرام،المكتب الجامعى الحديث، اسكندرى.

البقلي، هيثم، ٢٠٠٦، انحراف الطفل و المراهق، الطبعة الأولى، مصر: نهضة مصر.

جاكسن، ايلانور و فيرنهام، مارى(٢٠٠٧)، حمايه الطفل فى المنظمات دليل العمل: السياسات والاجراءات، ترجمة مايةصوان، ورشة الموارد العربية.

حبيب،جمال شحاتة و العربي،أميرةعبدالعزيز(٢٠١١)، الشرطة المجتمعية و الدفاع الاجتماعي،المكتب الجامعي الحديث، مصر، الأسكندرية.

الحسن، احسان محمد (١٩٩٩)، موسوعة علم الاجتماع، دارالعربية للموسوعات، الطبعة الأولى، بيروت-لبنان.

حسن،نورهان منير(٢٠٠٩)،طريقة الخدمة الأجتماعية في الدفاع الأجتماعي،الإسكندرية، المكتب الجامعي الحديث.

حميد،محمد محمود مصطفى(بدون تأريخ)، الدفاع الاجتماعي و الخدمة الاجتماعيية المعاصرة،دار نور الاسلام،مصر.

السيد،فؤاد البهى(١٩٦٨)قاموس المصطلحات الاجتماعيه،وزاره الشؤن الاجتماعيه جمهورية مصر.

عبدالخالق،جلال الدين(١٩٩٩)،الجريمة و الإنحراف الحدود و المعالجة، دار المعرفة الجامعيه، الاسكندرية.

عبدالرحمن،عبدالله محمد(٢٠٠٥)، النظرية في علم الأجتماع، دار المعرفة الجامعية.

عبدالفتاح،محمد سمير(٢٠٠٩)،طريقة الخدمة الأجتماعية في الدفاع الأجتماعى، المكتب الجامعي الحديث،الاسكندرية.

عثمان،سلوى و رمضان، السيد(بدون تأريخ)، الجريمة و الإنحراف، الأسكندرية: مطبعة البحيرة.

غبارى، محمد سلامة محمد(٢٠٠٦)، الدفاع الاجتماعي في مواجهة الجريمة،دار الوفاء، الاسكندرية.

غباري، محمد سلامة محمد(٢٠٠١)، الإنحراف الإجتماعي و رعاية المنحرفين و دورالخدمة الإجتماعية معهم، الطبعة الثانية، الإسكندرية: المكتب الجامعي الحديث.

الغريب،عبدالعزيز بن على(٢٠١٢)، نظريات علم الأجتماع تصنيفاتها،اتجاهاتها،وبعض نماذجها،دار الزهراء، الطبعة الاولى، الرياض.

فهمي،محمد سيد(٢٠١٣)، الخدمة الأجتماعية في مجال الجريمة و العقاب الأسكندرية: المكتب الجامعي الحديث.

كامل،شريف سيد(٢٠٠١)،الحماية الجنائية للأطفال،دار النهضةالعربية، القاهرة، طبعة الأولى.

لطفي،طلعت ابراهيم و الزيات، كمال عبدالحميد(بدون سنة)،النظرية المعاصرة في علم الأجتماع، دار الغريب للطباعة و النشر، المصر، قاهرة.

نجم، محمد صبحي(١٩٩١)، الوجيز في علم الإجرام و العقاب، الطبعة الثانية، الأردن، عمان:دار الثقافة للنشر و التوزيع.

نصرالله،واحدة حمة ويس(٢٠١٦)،جرائم النساء أنواعها و أسبابها، مجلة الآداب، العدد ١١٨.

قانون رعاية الأحداث رقم ٧٦ لسنة ١٩٨٣
ڕێکەوتننامەی مافەکانی منداڵ.
نظام رقم (٢) لسنة (١٩٨٨) ،نظام مدارس تأهيل الأحداث.
دليل التشريعات القانونيه الخاصه بدائرة الأصلاح العراقية(٢٠١٢)،وزارة العدل ،مكتب مفتش العام.
القواعد النموذجية الدنيا لمعاملة السجناء،.
مفوضية الأمم المتحدة لحقوق الأنسان،(٢٠٠٤)، حقوق الانسان والسجون، سلسلة التدريب المهني ،رقم ١١،الإضافة٣
أبوحورية،محمد أحمد حسين(٢٠٢٣)، واقع حمايةالطفل في المؤسسات الرعاية الأجتماعية الرسمية، منشورة عبر الانترنيت ، مجلة جامعة صنعاء للعلوم الإنسانية، المجلد٢٠٢٣، العدد٣، ص(٤٤٥-٤٦٨).
بلعزوق، عبدالكريم و بوهراوه، عزالدين(٢٠٢٤)، دور مراكز حماية الطفوله في التحقيق الاندماج الأجتماعي للأطفال في خطر، منشورة عبر الانترنيت، مجلة الدراسات القانونية التطبيقية، المجلد٢، العدد١،ص (٣٦-٥٦).
عمار،حسيني(٢٠١٧): دور المؤسسات المتخصصه في حماية الطفولة، منشورة عبر الانترنيت، مجلة العلوم الإنسانية و الأجتماعية، العدد٣٠، ص(٣٣١-٣٤٢).
كريم، عقيل على(٢٠١٥)، العوامل المجتمعية لجرائم الشباب،رسالة ماجستير منشورة، جامعةالمنصور، كلية الآداب، قسم علم الاجتماع،ص٢٣
محمد،پەروین أبو بكرر(٢٠٢٠)، دور النخبة المثقفة في عملية التحويل الحضاري، اطروحة دكتورا غير منشور،جامعة السليمانية، كلية العلوم الإنسانية، قسم علم الإجتماع.
Hornby, A. S. (1979). *The OXFORD English Dictionary* (Vol. 3rd). London: OXFORD University Press.
Save the Children, N.Y.P, Introduction to Child Protection,P.8